٢. کەم بوونی فولك ئەسید لە خوێن: یەکێکە لە جۆرەکانی ڤیتامین B جەستە پێویستیەتی بۆ بەرهەم هێنانی خڕۆکە سوورەکان لەماوەی دووگیانی ئافرەت پێویستی بە بڕێکی زیاتر فولك ئەسید بخوات. هەندێک کات تەنها لە ڕێگای خۆراك بەدەست نایەت کەمی فولیك ئەسید دەبێتە هۆی ناتەواوی لە بڕبڕەکان و کەم بوونی کێشی کۆرپەلە.

٣. کەمی ڤیتامین B12: لەش پێویستی بە ڤیتامین B12 هەیە بۆ دروست بوونی خڕۆکە سوورەکان، کاتێك لەش ناتوانێت ڕێژەی تەواو لە خۆراك وەرگرێت ئەوا ڕێژەی خڕۆکە سوورەکان کەم دەکات. ئەو ئافرەتانی کە (گۆشت، هێلکە و پەنیر) ناخۆن توشی کەمی ڤیتامین B12 دەبن و کێشی منداڵەکەشیان کەم دەبێت و هەروەها دەبێتە هۆی پێش وەختە منداڵبوون.

نیشانەکانی کەم خوێنی (Symptoms of anmia):

نیشانەکانی کەم خوێنی لە سەرەتاکانی دووگیانی مام ناوەندە هەندێکجار نەخۆشەکە هەستیشی پێ ناکات، بەڵام دوای ماوەیەک بەرەو پێش دەچێت و خراپتر دەبێت. لە دیارترین نیشانەکانی کەم خوێنی بیریتین لەمانەی خوارەوە:

١. بێ تاقەتی
٢. وڕبوون (گێژبوون)
٣. هەناسە تەنگی
٤. لێدانی دڵ بە خێرای و نارێکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٥. ئازاری سینگ
٦. سپی هەڵگەڕانی لێو و نینۆکەکان
٧. تەزینی پێکان و دەستەکان
٨. بوورانەوە

کەم خوێنی لەماوەی دووگیانی زۆر ئاسان چارسەردەکرێت بە دەستنیشانکردنی جۆرەکەی:

١- پێدانی مادەی ئاسن و ڤیتامینەکان: ڕۆژانە خواردنی ئاسن و ڤیتامینەکان پێویستە.

٢. گواستنەوەی خوێن: ئەگەر هاتوو کەسەکە خوێنی زۆر کەم بوو ئەوا پێویستە خوێنی تێبکرێت بۆ باشتربوونی.

ڕێگریکردن لە کەم خوێنی لەماوەی دووگیانی:

١. خواردنی ڕێژێکی تەواوی مادەی ئاسن ڕۆژانە.

٢. خواردنی ژەمی باش و باڵانس هەروەها خواردنی ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەیێکی باشی ڤیتامینەکانی تێدایە.

٣. خواردنی ئەو خۆراکانەی کە ڤیتامین C زۆرە چونکە یارمەتی لەش دەدات بۆ هەڵمژینی مادەی ئاسن.

٤. خواردنی ئەو خواردنەوانەی کە دەوڵەمەندن بە مادەی ئاسن وەک شەربەتی پرتەقاڵ.

٥. وەرگرتنی بڕی تەواوی فولك ئەسید.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو کێشە و گۆڕانکاریانەی کە بەسەر لەشی ئافرەت دادێ لەماوەی دووگیانی:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەندێک لەو گۆڕانکاریانە کە لە ئەندامەکانی ناوە و دەرەوی ئافرەتی دووگیان ڕودەدات:

١. گەورەبوونی مەمک و زیادبوونی قەبارەی ڕژێنی شیر.

٢ـ گەورەبونی گۆی مەمک و ئەو خەرمانە قاوەییەی کە دەوری گۆی مەمکی داوە، وە تۆخ بوونی ڕەنگەکانیان.

٣. گەورەبوونی منداڵدان ٥٠ .٦٠ جار قەبارەی گەورەترە لە قەبارەی ئاسای خۆی.

٤ـ ناوک بەرەو دەرەوە دێت، هەروەها تۆخ بوونی ئەو هێڵەی کە دەکەوێتە ناوەڕاستی زگ.

٥. ئەو زەختەی کەوتۆتە سەر میزەڵدان وادەکات ئافرەتەکە بەبەردەوام میز بکات.

٦. ڕێژەی هەناسەدان و قەبارەی خوێن زیاد دەکات.

٧. ناوپەنچك بەرەو سەرەو هەڵدەکشێ بەهۆی گەورەبونی منداڵدان.

٨. زۆربوونی بەرهەم هێنانی میز لە کلیەکان.

٩. گۆڕانکاری لە ڕیخۆڵەکان رودەدات.

١٠. فراوان بوونی بەستەرەشانەی هەردوو ئێسکی حەوز کە لە پێشەوە یەکیانگرتووە، زیادبوونی کشانی.

بۆ زیاتر ناشنابوونی ئەم گۆڕانکاریانە سەیری وێنەی (٥-١) بکە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وێنەی (٥-١)



WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرسوڕان و ڕشانەوە (Nausea & vomiting):

یەکێکە لە نیشانە باوەکان کە بەنزیکەی لە ٥٠٪ بۆ ٧٠٪ لە ئافرەتانی دووگیان ڕوودەدات. بەتایبەتی لەسێ مانگی یەکەم، بەزۆریش لە بەیانیان کاتی هەڵسان لەخەو، بەڵام لە کاتەکنیتریش ئەمە ڕوودەدات. سەرسوڕان و ڕشانەوە خراپتردەبێت لە کاتی بوونی سترێسی، گەشت، بۆنکردنێک کە بێزاری بکات و هەندێک لە چێشتەکان.

هۆکاری (Causes):

- گۆڕانکاری لە هۆڕمۆنەکان وەک (Progesterone ,HCG).
- لایەنی هەست و سۆز وەک هەستکردن بەبارگرژی.

چارەکردنی (Management):

١. ئیسراحەتکردن بە تەواوی.

٢. خواردنی کەم و بەردەوام خواردن (کەم خۆری دایم خۆر) پێویستە ڕۆژانە شەش جەم بخوات.

٣ــ خواردنی ڕێژەیکی بەرزی پرۆتین و ڕێژەیکی تەواوی کاربۆهایدایت وەکو (نان، مۆز و سەوزەکان) کە یارمەتی کەم بوونەوەی سەرسوڕان دەدات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤ـ دوورکەوتنەوە لەو خواردنانەی کە ڕێژەی چەوری و شیرینیان بەرزە.

٥. هەروەها ئەو خواردنەوانەی کە دەیخوات پێویستە نە سارد بێت وە نە گەرم بێت.

٦. وەرگرتنی ڤیتامینB6.

دڵە کزێ (Heartburn):

یەکێک لە نیشانە باوەکانە، بەهۆی ئەوەی ئەو خواردنەی کە خواردویەتی لە گەدەوە دەگەڕێتەوە بۆ سورێنچک، بۆیە لەسەر ئافرەتی دووگیان پێویستە خۆی دوورگرێت لە خواردنی زۆر کە ببێتە هۆی ئەم دۆخە.

هۆکارەکان (Causes):

. بەهۆی گۆڕانکاری لە هۆرمۆنەکان وەکو:

- درەنگ بەتاڵبوونی گەدە: بەهۆی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن کەوادەکات گەدە درەنگتر لە کاتی خۆیدا پڕبێت ئەمەش دەبێتە هۆی زۆر خواردن.
- کەمبوونەوەی جوڵەی ڕیخۆڵەکان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ـ کێشە لە زمانەی سورێنچک: کاتێک مرۆڤ خواردن دەخوات ئەوا ئەو زمانە دەکرێتەو وە ڕێگا بەخواردنەکە نادات بگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی تێکچونی هۆرمۆنی لەکاتی دووگیانی، زمانەی سورێنچک دەبێتەوە.

ـ گەوربوونی منداڵدان، دەبێتە هۆی ئەوی زەخت لە سەر گەدە دروست بکات و پاڵی پێوەبنێت، بەمەش دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە و دڵەکزێ ڕوودەدات.

چارەکردنی (Management):

ـ گرینگی دان بە شێوازی ژیان وەکو (ئاگاداری شێوازی دانیشتنی بێت بەڕێکی دابنیشێت، خۆدوورگرتن لە زۆر چەمانەوە بەتایبەتی دوای نان خواردن، بەکارهێنانی بالیفی بەرز لەژێر سەری لەکاتی خەوتن وە پێویستە لەسەر تنیشت ڕاکشێت بەتایبەت لەسەر لای ڕاست).

ـ گرینگی دان بە جۆری خواردن وەکو (خواردنی بڕێکی کەم لە ژەمەکاندا، لەسەرخۆ نان خواردن، خۆدوورگرتن لە خواردنە چەورەکان وە خواردنەوە گازیەکان و کافاینەکان).

ـ وەرگرتنی دژە ترشەڵۆک (Antiacids).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەزگیرانی یاخود بێزووکردن (Pica):

زۆرجار ئەو ژنانەی دووگیانن مەزگیرانی بە هەندێک شت دەکەن بیخۆن کە بۆ خواردن ناشێت، وەکو خۆڵ و خەڵووز. ئەمەش نارەزوونێکە کە لەوانیە بەهۆی کەمی خۆراکە مادەکان بێت وەکو کەمی (ئاسن و ڤیتامینەکان).

قەبزبوون (Constipation):

کردنی پیسای بە زەحمەت کە زۆر باوە لە نێو ئافرەتانی دووگیان.

هۆکارەکانی (Causes):

. کەم بوونەوەی جوڵەی ڕیخۆڵەکان بەهۆی هۆرمۆنی ستڕۆید.

. مانەوەی ڕێژەیێکی زۆر لە شلە لەناو ڕیخۆڵە گەورە.

. کەمکردنی وەرزش.

بەهۆی وەرگرتنی مادەی ئاسن.

چارەکردنی (Management):

. زۆرخواردنی ئاو.

.خواردنی ئەو خۆراکانەی کە دەوڵەمەندن بە ڕیشاڵ وەکو سەوزەکان و میوەکان.

. کردنی وەرزشی ڕێک وەکو پیاسەکردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فراون بوونی خوێنهێنەر یان دەولی (Varicosities):

واتا بوونی کێشە لە دەمارەکانی خوێنهێنەر وە دەرکەوتنی دەمارەکان بەشێوەی ئاوسان و ڕەنگی مۆر، بە تایبەتی لە قاچەکان لەماوەی دووگیانی.

لەوێنەی (٥-٢) جیاوازی نێوان دوو دەماری قاچ کراوە لە بارودۆخی ئاسای و لەکاتی هەبوونی دەوالی دەردەکەوێت.

هۆکارەکانی (Causes):

- هۆرمۆنەی پرۆجیسترۆن کاردەکاتە سەر ملولەکانی خوێنهێنەر دەبێتە هۆی هێواشبوونەوەی سوڕی خوێن و دەوالی.

. بەهۆی زیادبوونی کێش زەخت درووست دەبێت لەسەر قاچەکان و دەوالی ڕوودەدات.

. کەم جوڵەکردن و ڕاوەستان لەسەر پێ بۆ ماوێکی درێژ.

چارەکردنی (Management):

. دانانی قاچ بەرزتر لە ئاستی لەش لەکاتی دانیشتن و خەوتن.

. جوڵەکردنی زۆر بە قاچەکان و وەرزشکردن وەک پیاسە.

. لەپێکردنی گۆرەوی و پێڵاوی گونجاو.

دوورکەوتنەوە لە وەستان بۆ ماوێکی درێژ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وێنەی (٥-٢)



پشت ئێشان (Backache):

هۆکاری (Causes):

- پشت ئێشان بەهۆی گەوربوونی منداڵدان لە دوای ٥ مانگی بۆ ٧مانگیش زیاد دەکات.

- بەهۆی ئەوەی ناوەڕاستی لەشی ئافرەتەکە (زگی) بەرەو پێشەوە دەچێت بەمەش باڵانسی لەش تێکدەچێت.

- لەکاتی دووگیانی زەختێکی زۆر دەکەوێتە سەر بڕبڕەکان بەمەش بەشی خوارەوەی بڕبڕەکان دەچەمێنەوە.

- هۆرمۆنی پرۆجیسترۆن دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی بەستەرەکان لەکاتی دووگیانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چارەکردنی (Management):

- وەرزش کردنی سوك وەک پیاسەکردن یان یۆگا یاخود (نوێژ)، چونکە جوولەکانی نوێژ زۆر بەسوودە بۆ تەندوستی.
- فێربوونی چۆنیەتی ڕاوەستان و دانیشتن وە هەروەها چۆنیەتی هەڵگرتنی شتەکان (دانیشتن بە شێوێکی ڕێک و ڕاست، وە هەڵگرتنی شتەکان بێ ئەوەی خۆی پچەمێنێتەوە، وە ڕاوەستان بە شێوەیکی ڕێک).
- پشوودان بۆ ماوێکی زۆر.
- لەکاتی دانیشتن لەسەر کورسی پێویستە پشتێک (بالیف) لەپشتی دانێت.
- دوورکەوتنەوە لە لەپێکردنی پێڵاوی پاژنە بەرز.
- وەرگرتنی ئەنالجییە (Simple Analgesia).

ئازاری حەوز (Pelvic pain):

هۆکاری (Causes):

- گەورەبوونی منداڵدان دەبێتە هۆی ئەوەی کە پاڵ بە ئەندامەکانی تری ناو حەوز بنێت، هەروەها ئازاری بەستەرەشانەکانی حەوز بەڵام بەشێوێکی ئاسای دوای ٢٢ حەفتە دووگیانی ئەم ئازارەی بەستەرە نامێنێت.

- ئەو دوونێسکەی حەوز کە لە پێشەوە یەکیان گرتووە ژان دەکات وە هەروەها ئەم ژانەش دەداتە هەردوو ڕانەکان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چارەکردنی (Management):

بەکارهێنانی دەرمانی ئازار شکێنەکان بەڵام پێویستە دکتۆر بینووسێت.

مێروولە ژانە (Parasthesia / Tingling):

زۆربەی ئافرەتانی دووگیان سەردانی نەخۆشخانە دەکەن بە هۆکەری هەستکردن بە مێرولەژانە، وەک ئەوە وایە دەرزیێک بەخێرای و بە بەردەوامی بدەیت لە سەرەپەنجەکان. ئەمەش شتێکی ئاساییە لەئافرەتانی دووگیان، بەهۆی تێکچوونی هۆرمۆنەکان ئاوی زیادە کۆدەبێتەوە لەدەورو بەری جومگەی مەچەک و هەڵدەئاوسێ، بەمەش زەخت لەسەر دەمارەکان دروست دەبێت، نیوەی ئافرەتانی دووگیان ئەم دۆخەیان بۆ دروست دەبێت.

چارەسەریەکەی: پێدانی ئازارشکێنەکان (Analgesia) ئەگەر زۆر بێزاریکرد، یاخو میزپێکەرەکان (Diuretics) وادەکات ئاوی زیادە لەلەش دەربدرێتە دەرەوە، بەڵام لە دۆخی زۆرپێویست، پێویستە بەکاربێت نابێت لەخۆوە بەکاربهێنرێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گرژبوونی قاچ (Leg Cramps):

گرژبـــوونی قاچەکـــان لەمـــاوەی ســـێیەکی ســـێیەم (ســـێ مـــانگی کۆتایی) دووگیانی ڕوودەدات، بەڕێژەی یەک لەسەر سێی ئافرەتانی دووگیـان تووشـی ئەم دۆخە نەخـوازراوە دەبـن، بەڵام ئەم گرژبـوون و ئازارە زیـاتر دەبێت لەکاتی شـەواندا. ئەم ئازارەش بەهۆی نەچوونی سـوڕی خـوێنە بەتەواوی بۆقاچەکـان، هەروەهـا بەهـۆی کەمـی کالیسیۆم و ناتەواوی لە ئلیکترۆلایتەکان، دبنە هۆکاری گرژبوونی قاچەکان.

چارەسـەریەکەی: مەسـاج کردنـی قاچەکـان بەتـایبەتی بـۆ ئەو ناوەچەیەی کە ئازارەکە تێدا زۆرترە، وەرگرتنی کالیسیۆم، خواردنی بڕێکـی زۆر لەو خواردنـانەی کە ڕێـژەی ئـاو مـادە ئانـدامیەکانی تێـدایە، وەک (میـوە، سـەوزەواتەکان)، پێویسـتە زوو سـەردانی نەخۆشـخانە بکـات لەکـاتی هەبـوونی زۆر (ڕشـانەوە، سـکچوون) چـونکە دەبێـتە هـۆی لەدەسـدانی بڕێکـی زۆر لە کالیسـیۆم و مەگنیسیۆم.

زۆر میزکردن (Frequency Urinary):

ئەم کێشیە لەسێیەکی یەکەم و سێیەکی سێیەمی (سێ مـانگی یەکەم وسـێ مـانگی سـێیەم)ی دووگیـانی زۆر ڕوودەدات. هۆکـارەکەش بەهـۆی گۆڕانکـاریە فیسـیەلۆجیەکانی جەسـتەوە لەمـاوەی دووگیـانی، بەهۆی ئەوەی منداڵدان گەورەدەبێت و پەستان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکەوێتە سەر میزەڵدان چونکە منداڵدان دەکەوێتە سەر میزڵدان بەمەش والە کەسەکە دەکات زوو زوو میز بکات. هەروەها لەکاتی دووگیانی کلیەکان میزی زۆر بەرهەم دەهێنێت. دوای سێیەکی یەکەم بەهۆی بەرزبوونەوەی منداڵدان بۆ سەرەوە کێشەکە کەمدەبێتەوە، بەڵام دوای سێیەکی سێیەم ئەمە دووبارە دەبێتەوە ئەمەش شتێکی ئاساییە لەماوەی دووگیانی بۆیە زۆربەی کاتەکان پێویستی بە چارەسەر نیە.

بێ تاقەتی و بێ خەوی (Fatigue and Insomnia):

بێ تاقەتی و بێ خەوی یەکێکی ترە لە کێشەکان کە لەماوەی دووگیانی ئافرەت ڕووبەڕوی دەبنەوە، بەتایبەتی لە سێیەکی یەکەم ئەمەش شتێکی ئاساییە ئەگەر بێت و بەرێژێکی زۆر نەبێت، وەهەروەها ئەمە دیسان لە سێیەکی سێیەم دووبارە دەبێتەوە بەهۆی ئەوەی ئافرەتەکە باری گران دەبێت و وەکۆرپەلەکەش جوڵەی زۆر دەبێت بۆیە ئافرەتەکە هەم بێ تاقەتە بەهۆی بارگرانیەوە و هەمیش خەوی لێناکەوێت، بەهۆی جوڵەی کۆرپەلە لەوماوەیدا. وە هەروەها کەم خوێنی دەبێتە هۆی سەر سوڕان و بێ تاقەتی، وە بەهۆی گۆڕانی هۆرمۆنەکان و سترێس کەم خەوی ڕوودەدات.

چەرەسەریەکەی: پشوودان خۆ دوورگرتن لەبیرکردنەوێک کە سترێس زیاد بکات، ڕێکخستنی شێوازی ژیانی، کردنی وەرزشی سووک پێش خەوتن، پشکنینی خوێن بۆ ئەوەی بزانێت بێ خوێنە یاخود نا، دووربوون لەهەموو چارەسەریە دەرمانیەکان بە هەموو شێوەێک.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خوران (Itchig):

بەشێوێکی گشتی ئەم کێشەیە لە سێیەکی سێیەمدا باوە، بەڵام دوای منداڵبوون ڕاستەوخۆ نامێنێت. ئەگەربێت و تەنها خورانەکە لەیەک شوێندا بوو ئەوە لەوانیە بەهۆی هەوکردن یاخود کەڕوو بێت، نمونە وەکو(گەڕی لەیەک شوێندایەو شوێنەکە دەخورێت و تووشی خاڵ خاڵی سوور دەبێت، وە پەیدابوونی پەڵەی سپی لەشوێنێک بەهۆی کەڕوو ڕوودەدات).

چەرەسەریەکەی: بە پێدانی کرێمی خوران چارەسەردەبێت.

کێشە لە هەناسەدان (Respiratory distrss):

هۆکارەکانی (Causes):

- گەورەبوونی منداڵدان پەستان دەخاتە سەرناوپەنچك و پاڵیدەدات بەرێژەی ٤سانتیم بۆ سەرەوە وە ئەم پەستان خستنە سەر ناوپەنچکە کاردەکاتە سەر سییەکان و وادەکات ئافرەتەکە تووشی هەناسە تەنگی بێت، ئەمەش لە کۆتایەکانی دووگیانی باوە.

- زۆربوونی پرۆجیسترۆن لە ماوەی دووگیانی کاردەکاتە سەر هەناسەدان و وادکات ئافرەتەکە بە خێری هەناسەبدات.

- هەناسە تەنگی یەکێکە لە کێشە باوەکان لە ئافرەتی دووگیان ئەویش لەوانیە بەهۆی کێشەیێکی نادیار لە خانە هەوای سییەکان (Alveoli) روویدات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چارەسەرەکەی: دانانی سەرینی‌بەرز لەکاتی خەو وادەکات قورسای منداڵدان بەرەو بەشی خوارەوە بڕوات بەشی سەرەو زەختی زۆر لەسەر نابێت، بەمەش هەناسەدان باشتردەبێت، دوورکەوتنەوە لە هەندێک کارو چالاکی کە دەبێتە هۆی هەناسە تەنگی وەک (بەسەرکەوتنی قاندرمە).

زۆربوونی لیکی دەم (Ptyalism / Sialorrhoea):

ئەم زۆربوونی لیکە زیاتر لەسەرەتاکانی دووگیانیدا ڕوودەدات وە لەکۆتایەکاندا کەم دەبێتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە ئافرەتەکە ناتوانێت ئەم لیکە قووت بدات ئەم نەتوانینەش دەبێتە هۆی زۆربوونی لیک لەدەمدا.

چارەسەریەکەی: پاک کردنەوەی ددانەکان لەدوای هەر ژەمێک لە ماوەی دووگیانی، هەروەها دوورکەوتنەوە لە کێشانی جگەرە، دەرمانی ئەنتی کۆل نیرجیک (Anticholinergic) دەبێتە هۆی وشکبوونی ناو دەم ئەگەر پێویست بوو، هەروەها دوورکەوتنەوە لەو دەرمانانەی کە ئاوی ناو دەم زۆر دەکەن.

هەوکردنی پووک (Gingivitis):

هەوکردنی پووک گەورەبوونێکی ناسروشتیە هەنێجار بەڕەنگی (سپی یاخود شینی سوورباو) دەردەکەوێت. کاتێک دەستی لێدەدیت وەکو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئیسفنجە وە ئەم دۆخە دوای منداڵبوون نامێنێت. ئەم هەوکردنی پووکەش لەئەنجامیدا دەبێتە هۆی ئەوەی خوێن لە پووکی بێت لە کاتی ددان شۆردن، هەروەها دەبێتە هۆی تێکچوونی (ڕزیبوون) ددانەکان.

چارەسەریەکەی: شۆردنی ددانەکان بە فلچەی نەرم لەکاتی خواردنی هەر ژەمێک، هەروەها پێویستە سەردانی دکتۆری ددان بکرێت.

خوێن لە لووت هاتن (Nasal Congestion):

بەهۆی گۆڕانکاری لە هۆرمۆنەکان و زیادبوونی ڕێژەی خوێن لە هەندێك ئافرەتان لەماوەی دووگیانی خوێن لە لووتیان دێت، بەتایبەت لە کاتی پەزمین و هەبوونی هەستیاری (Allergies). چارەسەردەکرێت بە وەرگرتنی قەترە یاخود بەکارهێنانی ئەو شتانەی کە شێداری ژوور زیاد دەکات.

ئاوسان یاخود ئەستووربوون (Edama or swelling):

ئاوسان و ئەستوربوونی مامناوەند بە شێوەیکی ئاسای لە ئافرەتانی دووگیان ڕوودەدات لە کۆتایەکانی سێیەکی سێیەم. بەڵام ئەگەر ئەستووربونەکە ڕێژەکەی زۆربوو لەوانیە ئافرەتەکە تووشی پەستانی خوێن بووبێت لەکاتی دووگیانی (Preeclampsia). ئەم هۆکارەش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەهۆی کەم بوونەوەی سوری خوێن، هەروەها بەهۆی پەستان کەوتنە سەر لەکاتی گەوربوونی منداڵدان.

چارسەریەکەی: دوورکەوتنەوە لە زۆر وەستان و زۆر دانیشتن بۆ ماوەیکی درێژ، خەوتن لە سەر لاتەنیشت و بەرزکردنەوەی قاچەکان لەکاتی خەوتن بە دانانی بەلیف لەژێر قاچی، زۆر خواردنی ئاو کەمکردنەوە ڕێژەی سوێری و هەروەها لەپێ کردنی گۆرەوی گونجاو.

<u>تێبینی</u>: لەکاتی دووگیانی ئەم کێشانە بەسەر ئافرەتی سکپر دادێت بەڵام مەرج نیە هەموو ئەو کێشانە بەیەکەوە لە ئافرەتەکە دەرکەوێت وە هەروەها زۆربەی ئەوکێشانەش ئاساییە ڕوودەدات چونکە لەکاتی دووگیانی پەستان دەکەوێتە سەر ئەندامەکانی ناوەوەو گۆڕانکاری لە هۆرمۆنەکان ڕوودەدات، بەڵام ئافرەتەکە هەست بە ترس دەکات لەکاتی دەرکەوتنی هەنێک لە کێشەکان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاودێری کردنی ئافرەت (Maternal health care):

چاودێریکردنی تەندوستی دایک و کۆرپەلە (Maternal and Child health services):

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاودێری کردنی ئافرەت (Maternal health care):

پرۆگرامێکی تێروتەسەلە کە خزمەت بە تەندروستی ئافرەت دەکات. لە تەمەنی ١٥-٤٥ ساڵی، واتا هەر لەتەمەنی هەرزەکاریەوە تاوەکو پێش تەمەنی بێ ئومێدی. ئامانجی ئەم چاودێرکردنەش بۆ بەرەوپێشچونی تەندروستی ئافرەت و ئاشناکردنیان بە پلانی خێزانی و پێدانی زانیاری سەبارەت بە خۆراك لەکاتی دووگیانی بۆ دایکە و کۆرپەلە.

تێبینی: تەمەنی بێ ئومێدی واتا ئەوکاتەی ئافرەت دادەبڕێت لەسوڕی مانگانە (کەوتنە سەرخوێن) کەچیتر ئافرەتەکە لەتوانایدا نابێت دووگیان بێت هەموو هێلکەکانی تەواوبوون.

چاودێری پێش پیتێن (Preconceptional care):

بەر لەوەی ئافرەتەکە بچێتە قۆناغی دووگیانی، پێویستە گفتوگۆ لە نێوان هەردوو هاوسەرەکە بکرێت سەبارەت بە دووگیانی، وە دوای بڕیاردان پێویستە ڕێنمای تەواو لە پزیشکی پسپۆڕ وەربگیریت. ئەم ڕاوێژکردن و وەرگرتنی ڕێنمایە پێی دەوترێت چاودێریکردن پێش پیتێن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئامانجی سەرەکیشمان بۆ ئەوەیە دڵنیاببینەوە کە ئافرەتەکە ئامادەیە بەرەو قۆناغی دایکایەتی هەنگاوبنێت بێ ئەوەی دایك و کۆرپەکە توشی هیچ کێشەیەکی تەندروستی ببن.

چاودێریکردن پێش پیتێن ئەمانە لەخۆدەگرێت:

- دەستنیشانکردنی هۆکارە پڕ مەترسیدارەکان.
- کوتان دژی هەوکردنی جگەر و نەخۆشی سورێژە.
- پێدانی فولك ئەسید.
- ئەو دەرمانانەی پێش دووگیانی بەکاردەهات، پێویستە بگۆڕدرێن بۆ دەرمانێك کە زیان بە دایکو کۆرپە نەگەیێنێت. نموونە: گۆڕینی (Warfarin) بۆ (Heparin).
- ئامۆژگاریکردنی کە پێویستە دووربکەوێتەوە لە جگەرە کێشان و خواردنەوە کهولیەکان و دەرمانە زیان بەخشەکان.
- ڕاوێژکردن سەبارەت بە مێژووی خێزان و مێژووی دووگیانیەکانی وە هەرکێشەیەکی جینێتیکی.
- پێوانەکردنی زەخت (BP) و تۆمارکردنی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاودێریکردنی تەندوستی دایک و کۆرپەلە

:(Maternal and Child health services)

ڕێکخـــراوی تەندروســـتی جیهـــانی (WHO) کە ڕێکخراوێکـــی ئەمریکیە وا پێناسـەی چاودێری تەندروستی دایك و کۆرپەلە دەکات و دەڵێت: هەر چارەسەرێک یاخود گرینگی دانێک بە دایك و منداڵ بدرێت.

ئامانجیش لەم چاودێریکردنە:

بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی مردن و نەخۆشی لە دایک و کۆرپەلە، بۆ دڵنیـــابوون کە منـــداڵەکە بە تەندرووســـتی لە دایـــک دەبێـــت، بـــۆ ڕێگریکـــردن لە بەدخـــۆراکی، زوو دەستنیشـــانکردن و چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی تەندرووســـتی، پێـــدانی زانیـــاری تەندرووســـتی و پلانـــی خێزانی، ڕێگریکردن لە نەخۆشیە بڵاوەکان.

چاودێریکردنی تەندوستی دایک و کۆرپەلە پێکدێت لە:

١. چاودێریکردن پێش منداڵبوون (Prenatal / Antenatal care services).

٢. چاودێریکردن لەکاتی منداڵبوون (Interanal care services).

٣. چاودێریکردن لەدوای منداڵبوون (Postnatal care services).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. چاودێریکردن پێش منداڵبوون

(Prenatal / Antenatal care services):

ئەو چاودێرییە کە پێشکەش بە ئافرەتی دووگیان دەکرێت لە یەکەم مانگی دووگیانی تاوەکو کاتی منداڵبوون. بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی دووگیانی و تەندروستی منداڵەکە.

ئامنجی چاودێریکردن پێش مندڵبوون:

- دەستنیشانکردن و چاودێریکردنی ئافرەتی دووگیان بەشێوەیێکی ئاسای.
- پێدانی زانیاری بە ئافرەتی دووگیان سەبارەت بە گۆڕانکاریە فیسیەلۆجیەکانی جەستە.
- کەمکردنەوەی مەترسییەکانی مردن و نەخۆشی لە دایکاندا.
- کەمکردنەوەی مەترسی پێش وەختە لەدایک بوون (Preterm)، کێشە بۆماوەیەکان.
- ئەنجامدانی ئەو پشکنینانەی کە پێویستە بۆ چاودێریکردنی دووگیانی.
- کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە ئافرەتاندا.
- پێدانی پرۆگرامێکی تەواو سەبارەت بە چاودێریکردنی منداڵ و خۆراک و پاک و خاوێنی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تۆمارکردنی سەردانیەکانی چاودێری پێش منداڵبوون:

١ـ بۆ هەڵسەنگاندنی تەندروستی و دیاریکردنی (EDD) ڕۆژی منداڵبوون بە دروستی.

٢ـ بۆ پێدانی بڕە ژەمی تەواوی فولیك ئەسید لەماوەی سێیەکی یەکەم.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) سەردانیەکانی چاودێری پێش منداڵبوونی بۆ چوار سەردانی ڕۆتین ڕێکخستووە. سەردانیەکان بەو شێوەی خوارەوەن:

١ـ یەکەم سەردانی (1st visit): لەماوەی ١٦حەفتەیی تاوەکو ٢٤حەفتەیی: پێویستە ئافرەتەکە ٤ حەفتە جارێک سەردانی لای پزیشک بکات.

٢-دووەم سەردانی (2nd visit): لە نێوان ٢٤ـ ٢٨ حەفتەیی: پێویستە ئافرەتەکە ٣حەفتە جارێک سەردانی لای پزیشک بکات.

٣- سێیەم سەردانی (3rd visit): لە ٢٨حەفتەیی تاوەکو ٣٢ حەفتەیی: پێویستە ئافرەتەکە ٢حەفتە جارێک سەردانی لای پزیشک بکات.

٤- چوارەم سەردانی (4th visit): لە ٣٦حەفتەیی بەرەو سەرەوە: پێویستە ئافرەتەکە ١حەفتە جارێک سەردانی لای پزیشک بکات.

<u>تێبینی:</u> ئەو دایکانەی کە تووشی هەر نەخۆشێک یان مەترسێک دەبنەوە پێویستە زوو زوو سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن، بۆ نمونە ئەو ئافرەتانەی کە لەکاتی دووگیانی یاخوت پێشووتر توشی زەخت، شەکر، گەشکە بووبن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاودێریکردن پێش منداڵبوون پێکدێت لە:

A . وەرگرتنی مێژوو (History taking).
B . پشکنینی فیزیای (Physical examination).
C . پشکنینی تاقیگەی (Investigation).
D - ئامۆژگـــاری تەندروســـتی لەمـــاوەی دووگیـــانی (during pregnancy Health teaching).
E - ئامۆژگـــاری نیشـــانە مەترســـییەکانی دووگیـــانی (Advise on danger signs of pregnancy).
F . کوتان (Immunization).

A . وەرگرتنی مێژوو (History taking):

١. تایبەتمەندیەکانی نەخۆش (Particulars of the pation).

٢- هەدنی سەرکی هاتنی بۆ نەخۆشخانە (Chief complaints with duration).

٣. مێژوویی ڕابردووی (Past history).

٤. مێژوویی دووگیانی (Obsteric history).

٥. مێژوویی خێزانی (Family history).

٦. مێژوویی دەرمان (Drag history).

٧. مێژوویی باری کۆمەڵایەتی (Socioeconomic history).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. تایبەتمەندییەکانی نەخۆش (Particulars of the pation):

ناو، تەمەن، ئەدرێس، پیشەی، هاوسەردارە یاخود هاوسەردار نییە، بەرواری هاتنی بۆ نەخۆشخانە، ماوەی چەندە هاوسەرگیریان کردوە، ژمارەی تەلەفۆن و ئاین.

٢- هەدفی سەرکی هاتنی بۆ نەخۆشخانە

:(Chief complaints with duration)

- نیشانەکانی دووگیانی (هێلنجدان و ڕشانەوە، سەرسوڕان، گۆڕانکاری لەمەمکەکان و بێتاقەتی)
- نەستوربوون (ئاوسان)
- هەر ناڕەحەتییەک بەهۆی دووگیانی (ئازاری زگ، ئازاری پشت، قەبزبوون، میزکردنێکی زۆر بە بەردەوامی و خوێن بەربوون).
- دووگیانی (PT).

٣. مێژووی ڕابردووی (Past history):

زەخت، نەخۆشی شەکرە، نەخۆشی گورچیلە، نەخۆشی دەرونی، کەم ڕۆیشتنی خوێن بۆ دڵ (Ischemic heart diseas)، هەر نەشتەرگەرێک کە پێشوتر بۆی ئەنجامدرابێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. مێژووی دووگیانی (Obsteric history):

ـ ئاخیر ڕۆژی عادە (LMP)، ڕۆژی لەدایک بوونی پێشبینکراو (EDD)، یاسایێک هەیە کە ئاخیر مانگی عادە کۆی ژمارە ٩ دەکەین و بەمەش ئەو مانگەمان بۆ دەردەکەوێت کە منداڵەکە تێدا لەدایک دەبێت وە هەروەها یەکەمین ڕۆژی ئاخیر عادە کۆی ژمارە ٧ دەکەین بەمەش ڕۆژی لەدایک بوونی منداڵکە دیاریدەکرێت واتا (EDD=LMP+9 months + 7 days)

ـ یەکەم جووڵەی منداڵ کە دایک هەستی پێدەکات، ژمارەی دووگیانیەکان (Gravida)، ژمارەی ئەو منداڵانەی لەژیاندان (para)، ژمارەی لەبارچوون (Abortion) و ژمارەی مردووەکان، جۆری منداڵبوونەکە، تەندروستی منداڵەک و کێشی منداڵەکە.

٥. مێژووی خێزانی (Family history):

گرینگە بزانرێت لە خێزانەکەیان نەخۆش هەبووە بۆ ئەوەی دیاریبکرێت کە بۆ ماوەیە یاخود نا. وەک شێرپەنجە،

زەخت، نەخۆشی شەکرە، نەخۆشی گورچیلە و کەم ڕۆیشتنی خوێن بۆ دڵ (Ischemic heart diseas).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٦. مێژووی دەرمان (Drag history):

گرینگە بزانرێت ئەونەخۆشە چ دەرمانێک بەکاردەهێنێ

- Antihypertensive دژی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن (زەخت).
- Antidepressant دژە خەمۆکی.
- Corticosteroid
- Anticogulant دەرمانی دژە گەشکە.

٧. مێژووی باری کۆمەڵایەتی (Socioeconomic history):

چۆنیەتی ئەو ئاوەی بەکاریدێنن پیسە یان پاکە، ئایە هیچ ئاژەڵێکی ماڵیان هەیە، هەڵسووکەوتی خێزانیان گونجاوە (توندو تیژی خێزانی)، بارودۆخی ناوماڵیان هەژارن یاخود نا، جگەرە کێشە یاخود نا، مادە بێ هۆشەکەرەکان بەکاردێنن یاخود نا.

B. پشکنینی فیزیای (Physical examination):

ئەم پشکنینە دابەش دەبێت بۆ دووجۆر:

١. پشکنینی گشتی (General examination).

٢. پشکنینی زگ (Abdominal examination).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەدفی سەرەکی ئەم پشکنینە بۆ دیاریکردنی کێشە فیزیایەکان کە لەمەو پێش دایکەکە هەستی پێنەکردووە، لەوانەشە کاریگەری لەسەر دووگیانیکە درووست بکات، وەپێدانی ڕێنمای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بۆ ئەوەی دایک و کۆرپە تەندروستبن.

١. پشکنینی گشتی (General examination):

پشکنینی گشتی بریتیە لە پێوانەکردنی کێشی نەخۆش، پێوانەکردنی درێژی نەخۆش، کەم خوێنی، زەردووی، ئاوسان، شینبوونەوە و وشکبوونەوە، پەڵە پیدابوون لەسەر پێست، گۆڕانی مەمکەکان، دەنگی دڵ و سییەکان، نیشانەکانی ژیان (پلەی گەرمی (Temperature)، لێدانی دڵ (Pulse rate)، پەستانی خوێن (BP).

٢. پشکنینی زگ (Abdominal examination):

- **سەیرکردن (Inspection):** شێوەی منداڵدان، ڕاوی دووگیانی (هێڵی زگپڕی)، ناڕێکی، سەیرکردنی ناوك، تەختە یان هاتۆتە دەرەوە.
- **دەست لێدان (Palpation):** دەست لێدان لە زگ بۆ دیاریکردنی تەمەنی دووگیانی.
- **پیاکێشان (Percussion):** پیاکێشان لەزگی ئافرەتەکە بۆ ئەوەی بزانێت کەم بوونی شلەی سەراو (Oligohydramnios) یاخود زیاد بوونی شلەی سەراو (Polyhydramnious).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- گوێلێگرتن (Auscultation):

- دەتوانرێت گوێ لە لێدانی دڵی منداڵ ڕابیگرێت لە ١٣-١٤ حەفتەیی.

- ڕێژەی ئاسایی لێدانی دڵی منداڵ بریتیە لە ١٢٠ ـ ١٦٠ لێدان لە یەک دەقە.

- خێرا لێدانی دڵی منداڵ بریتیە لە لێدانی دڵ زیاتر لە ١٦٠ لێدان لەیەک دەقە، بەهۆی نەخۆشی منداڵەکە یان دایکەکەش لێدانی دڵی بەرزبووە.

- هێواش لێدانی دڵی منداڵ بریتیە لە لێدانی دڵ کەمتر لە ١٢٠ لێدان لەیەک دەقە، بەهۆی کەم کورپی لە گواستنەوەی دڵ.

C- پشکنینی تاقیگەی (Investigation):

١- پشکنینی گشتی خوێن (CBC)

٢- گرووپی خوێن و جۆری (Rh)

٣- پشکنینی شەکرەی خوێن (RBS)

٤- پشکنینی هیمۆگلۆبین (HBS)

٥- پشکنینی میز (Urinalysis) ئەم جۆرە پشکنینە بۆ دیاریکردنی نەخۆشیەکانی کلیە و میزەڵدان وە هەوکردنیان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٦- پشکنینی سۆنەر:

- دووگیانی دەتوانرێت دیاریبکرێت دوای ٤ـ٥ هەفتەیی نەمانی سوڕی مانگانە.
- لێدانی دڵی منداڵ دەتوانرێت دیاریبکرێت لە ٧هەفتەیی دووگیانی.
- دیاریکردنی تەمەنی منداڵ، دیاریکردنی دووانەی، دیاریکردنی منداڵ ئەگەر ناتەواوبوو.
- پشکنینی شلەی سەراو، دیاریکردنی شوێنی ویلاش و منداڵ.

D- ئامۆژگاری تەندروستی لەماوەی دووگیانی

:(during pregnancy Health teaching)

- پاک وخاوێنی (Hygiene)
- خەوتن (Sleep)
- گرینگیدان بە مەمکەکان (Breast care)
- گرینگیدان بە ددانەکان (Dental care)
- گشتکردن (Travel)
- وەرزشکردن (Exercises)
- پۆشاک (Dressing)
- خۆراك (Diet)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاک وخاوێنی (Hygiene):

ـ هەموو ڕۆژێک پێویستە خۆی بشۆرێت بۆ ئەوەی هەستێکی ئارامی هەبێت.

. دوورکەوتنەوە لە خۆشۆردن بە ئاوی گەرم لەسەرەتاکانی دووگیانی، چونکە وادەکات ئافرەتەکە لەش خاو بێ تاقەت بێت و ببوریتەوە، لە دوای هەر خۆشۆردنێک مەساجکردنی زگ و سەر، هەستێکی خۆش بۆ ئافرەتکە دروست دەکات.

خەوتن (Sleep):

پێویستە ئافرەت گرینگی بەخەوی بدات بەلایەنی کەم پێویستە ٨ کاتژمێر لە شەواندا بخەوێت وە ١ یان ٢ کاتژمێر لەنیوەڕۆیاندا بۆ ئەوەی وزەی تەواوی هەبێت و لەسەر تەنیشت پاڵکەوێت بۆ ئەوەی خوێن بە باشی هاتوچۆبکات.

گرینگیدان بە مەمکەکان (Breast care):

شۆردنی مەمکەکان بە ئاوێکی شلەتێنی پاک چونکە ئەم شۆردنە لەوانیە هانی دەردانی هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسین بدات. وە ئامۆژگاری دایک کە خۆی ئامادەبکات بۆ پێدانی شیرلە و ماوەیە، دوورکەوتنەوە لە شۆردنی مەمکەکان بە سابوون چونکە دەبێتە هۆی وشکبوونەوەی، وەهەروەها شۆردنی مەمکەکان دەپارێزێت لە هەوکردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گرینگیدان بە ددانەکان (Dental care):

- پێویستە ئافرەت بە وریایەوە گرینگی بەددانەکانی بدات، هەمــوو بەیانییــەک لە دوای خــواردنی هەر ژەمێــک ددانەکانی بشوات، پێویستە شیرینی کەم بخوات.
- پێویستە هانی ئافرەت بدەیت کە چاوی بە دکتۆری ددان بکەوێت.
- ئەگەر ئافرەت پێویست بوو ددانێکی دەربێنێ پێویستە بەنجی تایبەتی بۆ بکرێت.
- زۆربەی ئافرەتانی دووگیان تووشی هەوکردنی پوک دەبن، بۆیە پێویستی بەچاودێری دکتۆری ددانە.

__تێبینی:__ پێویستە ئافرەتی دووگیــان بەهەمــوو شێوەیێک خۆی دوورگرێــت لەمەوادە کیمیایەکــان وەک پاکرەوەکــانی ناومــاڵ و بۆیەکردنی قژ بۆیاغی ناوماڵ چونکە زیانی دەبێت بۆ خۆی و کۆرپەلە.

گشتکردن (Travel):

- پێویستە ئافرەتی دووگیــانی خۆی دووبگرێت لە گەشتکردن بە تایبەتی لە ماوەی سێیەکی یەکەم.

. ئافرەتی دووگیان دەتوانێت لە ئاخیری دووگیانەکەی گەشت بکات بە مەرجێک شوێنی گەشتەکەی بۆی دەچێت زۆر درێژ نەبێت هەروەها زوو زوو ڕاگرتنــی ســەیار بــۆ ئەوەی ئــافرەتی دووگیــان پشوو بدات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەرزشکردن (Exercises):

. مەشقکردنەکان پێویستە ئاسان بێت، زیاتر پێشبینی پیاسەکردن بۆ ئافرەتی دووگیان دەکرێت، بەڵام پێویستە خۆی دوورگرێت لە پیاسەکردنێک بۆماوەیەکی درێژ.

. ئافرەتی دووگیان پێویستە خۆی دووربگرێت لە بەرزکردنەوەی شتی قورس.

ـ پێویستە دووربکەوێتەوە لە ڕاوەستان بە پێ بۆ ماوەیەکی درێژ، چونکە لەوانیە ببێتە ئاوسانی دەمارەکان.

ـ وەرزشکردن گرینگە، چونکە ڕێژەی قەبزبوون کەم دەکاتەوە، هەناسەدان باشدەکات، وە دڵنیابوون کە ئۆکسجینێکی باش بۆ منداڵەکە دەچێت.

پۆشاک (Dressing):

ـ ئافرەتی دووگیان پێویستە خۆی دووربگرێت لە پۆشینی جلی تەسک.

. هەروەها ئافرەتی دووگیان پێویستە خۆی دووربگرێت لە لەپێکردن پێڵاوی پاژنە بەرز.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆراك (Diet):

. ئافرەتی دووگیان ڕۆژانە پێویستی بە ٢٥٠٠ کالۆریە.

ـ پێویستە خواردنی بالآنس و سووک بخوات، بۆ ئەوەی بە ئاسان هەرس بکرێت، وە خواردنێک کە دەوڵەمەند بێت بە پرۆتین، کانزا و ڤیتامینەکان.

ـ پێویستە خۆی دووربگرێ لەو خواردن و خواردنەوانەی کە زیانی هەیە بۆسەر دووگیانیەکەی، وەکو گۆشتی خاو و خواردنەوە کهولیەکان.

. کەمکردنەوەی ڕێژەی خواردنی خۆراکە چەورو شیرینەکان.

. خواردنی برێکی زۆر لە میوە، سەوزە و زۆربەی دانەوێڵەکان.

. خواردنی فولیک ئەسید ڕۆژانە ٤٠٠ ملیگرام.

خۆراک بۆ ئافرەتی دووگیان:

. بەیانیان زوو (Early morning): یەک کووپ چا لەگەڵ کێک بخوات.

- ژەمی بەیانیان (Breakfast): یەک هێلکەی کوڵاو، سەوزە.

- چێشتەنگاو (Midmorning): یەک گلاس شیر، دوو پەرچە کێک، یەک سێو یان پرتەقاڵ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

. ژەمی نیوەڕۆ (Lunch): دانەوێڵەکان، گۆشت یان ماسی، سەوزە، زەڵاتە بە (تەماتە، خیار، گێزەر).

. نێوان ئێوارەو نیوەڕۆ (Evening): میوە، کێک.

. ژەمی ئێواران (Dinner): برنج، گۆشت، ماسی، زەڵاتە.

. کاتی خەوتن (Bed time): گلاسێک شیر.

ئامانجمان لە خۆراکی تەندرووست:

بۆ گەشەی منداڵ، پارێزگاریکردنی تەندروستی دایك، منداڵبوون بەشێوەیکی سروشتی و درووست بوونی شیر بەسەرکەوتوویی.

__تێبینی:__ خۆراکی تەندروست جوڵەی ڕیخەڵۆکەکان و دەرکردنی پاشەڕۆ لەلەشدا ئاسان دەکات، وەکو زۆرخواردنی سەوزە و زۆر خواردنەوەی ئاو و شیر.

E. ئامۆژگاری نیشانە مەترسییەکانی دووگیانی (Advise on danger signs of pregnancy):

١. خوێن بەربوون.

٢. ڕشانەوەو هەبوونی ئازاری زگ.

٣. نەمانی یان کەمبوونەوەی جوڵەی منداڵ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. ژانەسەری توند.

٥. تا (بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی زیاتر لە ٣٧ پلەی سیلیزی).

٦. ئاوسانی دەستەکان و دەموچاو و قاچ و پێیەکان.

٧ـ گەشکە، گێژبوون، ڕەشکەوپێشکە (بینین بەشێوێکی تێکەڵ و پێکەڵ).

٨. ئازاری زۆر لەکاتی میزکردن.

F ـ کوتان (Immunization):

یەکێکە لەخزمەتە پێشگریەکان دژ بە نەخۆشیە دیارەکان پێشکەش ئافرەت دەکرێت. نەخۆشیەکان بریتین لە ژەهری تێتانیۆس (Tetanus toxoid)، نەخۆشی هاری (Rabies) لەوانیە بەهۆی گازلێگرتنی سەگی هەر تووش ببێت، HBV.

هەموو ئافرێتێک کە تەمەنی لە نێوان ١٥ ـ ٤٥ساڵییە لەسەری پێویستە کە خۆی بکوتێ دژی تێتانۆس بەپێی خشتەی تێتانیوس سەردانی نەخۆشخانە بکات.

خشتەی کوتان دژبە تێتانیۆس لەماوەی دووگیانی:

١. ژەمی یەکەمی وەردەگیرێت لە چوارەم مانگی دووگیانی.

٢. ژەمی دووەم وەردەگیرێت لە پێنجەم مانگی دووگیانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. ژەمی سێیەم وەردەگیرێت لە شەش مانگ دوای منداڵبوون.

٤ـ ژەمی چوارەم وەردەگیریت یەک ساڵ دوای وەرگرتنی ژەمی سێیەم.

٥ـ ژەمی پێنجەم وەردەگیرێت یەک ساڵ دوای وەرگرتنی ژەمی چوارەم.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر سەیری وێنەی (٦-١) بکە.

وێنەی (٦-١)

Vaccination	Schedule
TT-1	During the first pregnancy
TT-2	1 month after the first dose
TT-3	6 months after the second dose
TT-4	1 year after the third dose
TT-5	1 year after the fourth dose

<u>تێبینی</u> ئەو جۆرە کوتانانەی کە پێویستە ئافرەتی دووگیان بەکاری نەهێنێت بریتین لەو ڤایرۆسانەن کە زیندوون، (Rubella , Measles , Mumps) سورێژە، سورێژەی ئەڵمانی، گوێ ڕەپە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢ -چاودێریکردن لەکاتی منداڵبوون(Interanal care services):

هەر چاودێریـــك و خزمەتكردنێـك كە لەلایەن پزیشـك یـان پەرسـتیار پێشـكەش بە ئـافرەتی دووگیـان دەكرێـت لەمـاوەی منـداڵبوون، چ بەشـێوەی سـرووشـتی واتـا (منـــداڵبوون لەدەرچەی زێ) یـــان نەشتەرگەری.

ئامانج لەم چاودێریە:

- ســـەلامەتی دایـــك و كـــۆرپەلە وە كەمكـــردنەوەی كێشـــەكان لەوماوەیەدا.

. ئامادەباشـی بـۆ هەر بـارودۆخێكی نەخوازراو وەكو (خوێن بەربوون، مـــانەوەی وێــلاش بۆمـــاوێكی درێــژ، درەنــگ منــداڵبوون، تەنــگە نەفەسی).

. ئامەدەكردنی كەرستەكان كە بۆ پرۆسەكە پێویستە.

. پێدانی چاودێری بەپەلە (Emergency) ئەگەر پێویست بوو.

ـ بەكارهێنـــانی (Vascuum / Forceps) لەكـاتی منـداڵبوون لە دەرچەی زێ ئەگەر پێویست بوو.

. چاودێریكردنی كۆرپەلە لەكاتی منداڵبوون.

ـ چـاودێریكردنی وێـلاش لەكـاتی هـاتنەدەرەوی بـۆ ئەوەی دڵنیـابین هیچ پارچەیێك جێ نەماوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تێبینی: پێویستە ئەو ئافرەتانەی کە بە مەبەستی منداڵبوون دێنە نەخۆشخانە، بەر لەهەموو شتێك دەبێت کانولەیان بۆ دابنرێت، چونکە پێویستە بۆ دانانی (موغەزی، خوێن لەکاتی پێویست) ئیتر منداڵبوونەکە چ بەشێوەی سروشتی (منداڵبوون لەدەرچەی زێ) یان نەشتەرگەری.

٣- چاودێریکردن لەدوای منداڵبوون

(Postnatal care services):

بریتیە لە چاودێریکردنی دایک لە دوای منداڵبوون تاوەکو ٦حەفتە، وە پێویستە گرینگی یەکسان بدرێتە دایك و کۆرپە تازەبووەکە. چاودێریکردنی ٢٤ کاتژمێری یەکەم زۆرگرینگە چونکە ٢/٣ئافرەتانی جیهان لەوکاتەدا دەمرن. ئامانج لەم چاودێریە بۆ گەڕانەوەی تەندرووستی ئافرەتەکەیە، چاودێریکردنی تەواوی منداڵەکە و شیرپێدانی، وەکەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵ و نەخۆشکەوتنی.

چاودێریکردن دوای منداڵبوون لەمانە پێکدێت:

- نیشانەکانی ژیان (پلەی گەرمی (Temperature)، لێدانی دڵ (Pulse rate)، پەستانی خوێن (BP).
- چاودێریکردنی بڕی میزی دەردراو.
- چاودێریکردن بۆ ئەوەی بزانین توشی خوێن بەربوون یان هەوکردن بووە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- چاودێریکردنی دایک و پێدانی سۆز بۆ ئەوەی لایەنی دەروونی باش بێت.

- چاودێریکردنی کۆرپەی نەخۆش و کوتانی بۆ ئەوەی دووربێت لەنەخۆشیەکان کە مەترسی هەیە بۆ سەر ژیانی، وەرگرتنی ڤیتامینK، کۆنترۆلکردنی نەخۆشیەکان.

- چاودێریکردنی کۆرپە گەڕانەوەی بۆ ژیان لەکاتی تەنگەنەفەسی.

- هاندانی دایک بۆ ئەوەی شیری خۆی بدات بە منداڵەکەی.

- پێدانی زانیاری سەبارەت بە پاک و خاوێنی و خوراک خواردن.

- ئامۆژگاری دایک سەبارەت بە پلانی خێزانی و چۆنیەتی مەنعکردن.

- پێدانی دەرمان ئەگەر پێویستی کرد.

- دانانی کۆرپەلە لە نێو شووشە لەکاتی هەبوونی زەردویی زۆر و ناتەواوی سییەکان.

<u>تێبینی</u>: ئەگەر لە وڵاتێکدا ڕێژەی منداڵ و ئافرەت زۆر بوو ئەو مانای ئەوەیە کە ڕێژەی تەندروستی لەم وڵاتەدا بەرەو پێش چووە، چونکە ساڵانە ڕێژەیەکی بەرچاو ئافرەتان لە کاتی دووگیانی و منداڵبوون دەمرن هەروەها منداڵانیش بەهۆی نەبوونی تەندوستێکی باش گیان لەدەست دەدەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆراک پێدان بە منداڵ (Children Nutrition):

شیرپێدانی سروشتی یەکێکە لە ڕێگا گرینگ و پێویستەکان بۆ ئەوەی منداڵ بەشێوەیکی تەندرست گەشە بکات. ئەو شیرەی کە دایک لەسەرەتادا دەیدات بەکۆرپەلە پێدەوترێت ژاك (Colostrum) ئەم شیرە بە شێوەی شلەیێکی زەرد دەدردەکەوێت کە پێویستە یەکەمجار بدرێت بە منداڵ زۆر گرینگە بۆ تەندوستی کۆرپەلە چونکە دژە هەوکردنە، پارێزگاری لە کۆرپەلە دەکات بۆ چەند حەفتەیێک. بەڵام دوای دوو سێ ڕۆژ ئەم ژاکە دەگۆڕێت بۆ شیری تەواو، بەشێومیێکی گشتی پێویستەلە ٦مانگی یەکەم بەتەنها شیری دایک بدرێت بە منداڵ وە لەدوای ئەم ٦مانگە دەتوانرێت خواردنیتر بدرێت بە منداڵ. وە لەگەڵ خواردن پێدانەکە باشترە بەردەوامی بدرێت بە پێدانی شیری دایک بۆماوەی ٢ساڵ.

چاودێری پێش شیردان:

١. دەست شۆردن.

٢. شۆردنی مەمک بە ئاوێکی شلەتێن پێش شیردان بە منداڵ.

٣. خۆ دوورگرتن لە شۆردنی مەمک بە سابوون، چونکە دەبێتە هۆی قڵیشانی گۆی مەمک.

٤. بەکارهێنانی پاد بۆ ئەوەی گۆی مەمک وشک و پاک بێت.

٥. پشکنینی خودی بۆ مەمکەکان مانگانە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەنگاوەکانی شیرپێدان بەشێوەیێکی سەرکەوتوو پێکدێت لەمانەی خوارەوە:

١. هاوڵدانی ستافی تەندروستی بەشێوەیێکی لێزان بۆ ئەوەی دایک شیری خۆی بدات بە منداڵەکەی.
٢ـ پێدانی زانیاری تەواو بە ئافرەت سەبارەت بە سودی شیرپێدانی سروشتی.
٣- یارمەتی دانی دایک بۆ ئەوەی دەست بکات بەشیردان نیوکاتژمێر دوای منداڵبوون.
٤- جگە لەشیری دایک پێویست ناکات هیچ خواردن و خواردنەوەیێک بدرێت بە منداڵ.
٥. پێ نەدانی مەمە کۆتە و هێورکەرەوە بە منداڵ.
٦. دەبێت ئافرەتەکە دڵنیا بێت کە تەواوی بەشە قاوەیەکەی مەمکی بخاتە ناو دەمی منداڵ.

سوودەکانی شیرپێدانی سروشتی بۆ منداڵ:

١. باشترین تێکەڵەی خۆراکە مادە و ئاوە.
٢. ئاسان هەرسکردنی، مەترسی تێکچونی نیە واتا (بەسەرناچێت).
٣ـ سوودی بۆ بەرگری هەیە دژی(هەوکردن گوێ، ئیسحالی، هەوکردنی سی، حەساسی، ڕەبۆ، شێرپەنجە، شەکرو قەڵەوی).
٤. پەیوەندی نێوان دایک و منداڵ زیاد دەکات.
٥. ئاستی زیرەکی لەمنداڵدا زیاد دەکات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سوودەکانی شیرپێدانی سروشتی بۆ دایک:

١. کەمکردنەوەی ڕێژەی خوێن بەربوون لەدوای منداڵبوون.

٢. قەبارەی منداڵدان دەگەڕێتە باری پێش دووگیانی.

٣- ڕێــژەی شــێرپەنجەی (مەمــک و هــێلکەدان و منداڵــدان) کەمدەکاتەوە.

٤. وەکو مەنعێکە ناهێڵێت هێلکەدانان ڕووبدات.

٥- یارمەتی دایـک دەدات بـۆ ئەوەی کێشـی بگەڕێـتەوە بـۆ پـێش دووگیانی .

٦. ڕێژەی توشبوون بە شەکرەی جۆری دوو کەم دەکاتەوە.

لایەنە خراپیەکانی شیردانی سروشتی بۆ دایک:

١. ئازاری مەمک.

٢. هەستکردن بەشەرم لەکاتی شیردان لە شوێنە گشتیەکان.

٣. هەستکردن بە سەرقاڵبوون و نەمانی کات بۆ پێدانی گرینگی بە منداڵەکانی تر.

٤. بەکارهێنانی جۆرەکانی حەبی مەنع سنوردارە لەکاتی شیردان:

- پێویستە حەبی (COC) بەکارنێت چونکە دەبێتە هـۆی وشکبونی شیر.
- پێویستە حەبی (POP) بەکاردێت.

٥. نیگارانبوون سـەبارەت بە سـەلامەتی دەرمان و شیرپێدان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شیرپێدانی قوتوو (Bottle feeding):

هەندێك ئافرەت بەهۆی هەندێك بارودۆخ ناتوانن یان نایانەوێت شیری خۆیان بدەن بە منداڵەكانیان. بۆیە پێویستە ستافی تەندروستی زانیاری تەواو بدات بەو دایكانەی كە شیری قوتوو دەدەنە منداڵەكانیان. وەپێویستە دایك ئاگاداربكاتەوە ئەگەر لە پێشدا شیری قوتوو بدات بە منداڵەكەی نیتر مەحاڵ دەبێت دواتر شیری خۆی پێبدات.

لایەنە خراپیەكانی شیری قوتوو:

١. بەردەوام سكچوون.

٢. بەبەردەوام توشی هەوكردن سییەكان دەبێت.

٣. توشی هەستیار دەبێت و بەزەحمەت شیرەكە دەمژێت.

٤. توشی هەندێک لە نەخۆشیە درێژخانەكان دەبێت وەک قەڵەوی.

٥. ئاستی زیرەكی كەمترە.

٦. نرخی تێچووی گران ڕادەوەستێ.

ئەو خۆراكانەی دەدرێتە منداڵ دوای ٦مانگی یەكەم:

دوای شەش مانگی یەكەم ئیتر منداڵ دەتوانێت هەندێک خۆراک هەرس بكات. بەهۆی ئەوەی كە ئەو شیرەی دەیخوات ڕێژەیەكی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەواوی مادەی **ئاسنی** تێدا نیە کە بەشی تەمەنەکەی تەو بکات، بۆیە باشترین خۆراک لەو ماوەیدا **سریلاکە**، کە ڕێژەیەکی باشی ئاسنی تێدایە، دوای چەند ڕۆژێک دەتوانرێت **شەربەتی میوەی** سروشتی پێ بدرێت، دوای ماوەیێک دەتوانرێت ئاوی گۆشتی پێبدرێت، ئیتر وردە وردە شۆربای پێدەدرێت.

هۆکاری گریانی منداڵ:

هۆکاری سەرەکی گریانی منداڵ بریتیە لە برسیبوون، هۆکاری دووەمی گریان بریتیە لە خۆ پیسکردن.
(هەبوونی غازات، ژانی زگ، گەرمابوون یان سەرمابوون، نەخۆشی و زۆر داپۆشین).

__تێبینی__: لەکاتی هەر شیرپێدانێک پێویستە دەست بە پشتی منداڵەکە دابێنی بۆ ئەوە قرقێنە بداتەوە، وە پێویستە دوای هەرشیرپێدانێک ٢- ٤ کاتژمێر بخەوێت، پیسای ئاسای ئەو منداڵەی شیری سروشتی دەخوات سەوزی زەرد باوە، بەڵام ئەگەر ئاوی بوو ئەوا ئیلتیهاباتی هەیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەوتنی منداڵ:

پێویستە شوێنی منداڵەکە گەرم و نەرم بێت بۆ ئەوەی منداڵەکە بەئاسانی خەوی لێبکەوێت، چونکە منداڵ زۆربەی ڕۆژەکەی بەخەو بەسەردەبات، بەگشتی منداڵی تازە لەدایکبوو ڕۆژانە بۆماوەی ١٤ بۆ ١٨ کاتژمێر دەخەوێت. تەنها لەکاتی برسی بوون و خۆ پیسکردن هەڵدەستێت ئەگەر هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەبێت. بەڵام ڕێژەی ئەم خەوتنە بەرە بەرە کەم دەکات لە ماوەی گەورەبوون لە تەمەنی ٣٠ مانگیدا، منداڵەکە تەنها ١٠ بۆ ١٢ کاتژمێر دەخەوێت لە ڕۆژێکدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

منداڵبوون (Labor)



WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

منداڵبوون (Labor):

دوای تەواوبوونی ماوەی تەواوی دووگیانی زنجیرە پرۆسەی منداڵبوون دەست پێدەکات بەهاتنەدەرەوەی (شلەی سەراو، کۆرپەلە، وێلاش و ناوپۆشی منداڵدان) بۆ ژینگەی دەرەوە. ئەم کردارەش ڕوودەدات بە یارمەتی ئەو هۆرمۆنانەی کە ژێرمێشکە ڕژێن دەریان دەدات، وەکو پرۆستاگلاندین و ئیسترۆجین و ئۆکسیتۆسین ئەم هۆرمۆنانە هەڵدەستن بە گرژبوونی لووسەماسولکەکانی منداڵدان بۆ ئەوەی هەرچی لەناو منداڵدانە فڕێیبداتە ژینگەی دەرەوە، هەروەها ماسولکەکانی ملی منداڵدان و زێ تەنک دەبن و فراوان دەبن بۆ ئەوەی کۆرپەلە بە ئاسانی بەناویدا تێپەڕبێت.

جۆرەکانی منداڵبوون (Type of labor):

١ـ منداڵبونی ئاسایی (Normal Labor): ئەم جۆرەیە لەدەرچەی زێ ڕوودەدات

٢ـ لە ڕێگای نەشتەرگەریی (Cesarean section): ئەم جۆرەیان بەبڕینی زگ ڕوودەدات

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

منداڵبوونی ئاسای (Normal Labor):

ئەو جۆرەیە لەدەرچەی زێ ڕوودەدات بەبێ بەکارهێنانی هیچ دەرمانێک و نەشتەرگەرییەک.

١ـ ڕێک لە سات و کاتی ماوەی تەواوی دووگیانی نە زووتر لەوەختی خۆی نەدرەنگتر لەوەختی خۆی.

٢. بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامێرێکی منداڵبوون وەك (Forceps).

٣. تووشی هیچ کێشەیەک نەبێت وەکو(خوێنبەربوونێکی زۆر).

٤ـ پێویستە یەکەم بەشی منداڵ کە لە دەرچەی زێ دێتەدەرەوە سەری منداڵەکە بێت.

٥. بەبێ بەکارهێنانی هیچ دەرمانێک خۆی گرژبوون و ڕوودەدات.

٦. وێلاش دەبێت خۆی بێتەدەرەوە.

منداڵبوونێکی سەرکەوتوو پشتدەبەستێت بەم هۆکارانە:

١-**هەبوونی وزە:** بۆ ئەوەی منداڵبوون ڕووبدات پێویستە وزە تەواو هەبێت نموونە گرژبوونی ماسولکەکانی منداڵدان و پاڵنان دایک بۆخوارەوە لەکاتی گژبوونی ماسولکەکانی منداڵدان هەردووکیان پێویستیان بە وزە هەیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢ـ دەرچەی منداڵبوون (Passageway): هەبوونی دەرچەیێکی گونجاو بۆ ئەوەی منداڵ و وێلاش بەئاسانی پێیداتیپەڕبن، ئەم دەرچەیەش پێکدێت لە (حەوز، منداڵدان، ملی منداڵدان و زێ).

٣. گەشتیار (Passenger): منداڵ و وێلاش و شلەی سەراو ئەو گەشتیارەن کە پێویستە گەشت بکەن لە منداڵدانەوە بۆ ژینگەی دەرەوە.

٤. پێویستە دوای منداڵبوون لایەنی دەروونی ئافرەتەکە ئەرێنی بێت.

هۆکارە جەستەیەکان کە هانی منداڵبوون دەدەن:

- **گرژبوونی منداڵدان:** بەهۆی ئەوەی کە بڕێکی کەم ئۆکسیجین بە شانەکانی ماسولکەی منداڵدان دەگات، ئەوا گرژبوون ڕوودەدات لە منداڵدان، هەروەها درووست بوونی پەستانێکی زۆر لە خوارەوەی منداڵدان دەبێتە هۆی منداڵبوون.
- **تەنک بوون، فراوان بوونی ملی منداڵدان:** بەهۆی ئەم گرژبوونی منداڵدانە پەستانێکی زۆر دەکەوێتە سەر ملی منداڵدان و تەنک و فراوان دەبێت، بە شێوەیێکی گشتی لەو ئافرەتانەی کە منداڵی نۆبەرەیانە، سەرەتا تەنک دەبێت دواتر فراوان دەبێت، بەڵام لەو ئافرەتانەی کە چەند منداڵێکیان بووە هەردوو کردارەکە بەیەکەوە ڕوودەدات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- **گۆڕانکـاری لە هۆڕمۆنەکـان:** کەم بـوونەوەی ڕێـژەی پرۆجیسترۆن و زیادبوونی هەردوو هۆڕمۆنی پرۆستاگلاندین و ئۆکسیتۆسـین کە هەردوو هۆڕمـۆنەکە کـاردەکەنە سـەر گرژبوونی ماسولکەی منداڵدان.

__تێبینی__: لەکاتی تەواوبوونی ماوەی تەواوی دووگیانی هۆڕمـۆنی ئۆکسیتۆسین کە لەلایەن ژێر مێشکە ڕژێنەوە دەردەدرێت، هەڵدەستێ بەهاندانی گرژبوونی ماسولکەکانی منداڵدان و هەروەها هانی وێلاش دەدات بـۆ دروسـتکردنی هۆڕمـۆنی پرۆسـتاگلاندین. ئەم دوو هۆڕمـۆنەش بەیەکەوە کـاریگەری زیـاتر دەخەنە سـەرگرژبوونی ماسـولکەکانی منداڵدان. هەر ئەو هۆڕمۆنی ئۆکـیتۆسینە دەبێتە هۆی وروژمکردنی شیر لەمەمکەکان لەکاتی شیردان.

نیشانەکانی منداڵبوون:

١ـ سووکبوون: هەست بە کەمبوونەوەی توندی سك لەبەر داخزانی منداڵدان دووسێ حەفتە پێش منداڵبوون.

٢. تەقینی سەراو

٣. فراون بوونی ملی منداڵدان

٤. گرژبوونی منداڵدان

٥. بینینی خوێن لەدەرچەی زێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جیاوازی نێوان ژانی ڕاستەقینەو درۆینە:

ژانی ڕاستەقینە:

١. ژانەکان بە ناڕێکی دەست پێدەکات بەڵام دواتر ڕێک دەبێت.

٢ـ یەکەمجار ژانەکە هەستی پێدەکرێت لە بەشی خوارەوەی پشت دواتر وەک شەپۆل بەرەو لای سک دێت لەکۆتای دەیداتە قاچەکان.

٣. بە پیاسەکردن و چالاکی ژانەکە کەم نابێتەوە.

٤. ماوەکەی زیاد دەکات و وەبەردەوام و لەسەریەک ڕوودەدات.

٥. ملی منداڵدان تەنک و فراون دەبێت.

ژانی درۆینە:

١ـ ژانەکان بە ناڕێکی دەست پێدەکات و وەهەر بە ناڕێکیش دەمێنێتەوە.

٢ـ یەکمجار ژانەکە لە سک هەستی پێدەکرێت و هەر لە سکیش دەمێنێتەوە.

٣. بە پیاسەکردن و چالاکی ژانەکە کەم دەبێتەوە.

٤. ماوەکی زیاد ناکات و ژانەکەش دووبارە نابێتەوە.

٥. ملی منداڵدانیش تەنک و فراوان نابێت.

<u>تێبینی</u>: ئەگەر ئافرەتی دووگیان لەماوی منداڵبوون لە پێنج دەقە سێ ژانی هات ئەوا ژانی ڕاستەقینەیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو خاڵانەی کە پێویستە ڕەچاو بکرێت لەماوەی منداڵبوون:

١- پێویستە بەشێوازێکی زۆر خاوێن و منداڵبوون ڕوویدات لە ژوورێکی گەرم.

٢. ئامادەکردنی هەموو پێداویستیەکان دەرمانەکان کە بۆ منداڵبوون پێویستە.

٣. تۆمارکردنی هەموو گۆڕانکاریەکان و لێدانی دڵی منداڵەکە.

٤. تۆمارکردنی کاتی تەقینی پەردەی سەراو و ڕەنگی شلەکە.

٥. تۆمارکردنی لێدانی دڵی منداڵ لە کاتێکدا دایکەکە ژانی نییە.

٦ـ تۆمارکردنی پەستانی خوێنی دایک و وەلێدانی دڵی دایک هەموو دە خولەک جارێک.

٧. نابێت بەدایک بڵێیت پاڵ بنێت ئەگەر ملی منداڵدان بەتەواوی فراوان نەبوو.

٨ـ هەمیشە نیپزێۆتۆمی ئەنجامدەدرێت لەکاتێکدا گرژبوون لە لووتکەدایە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قۆناغەکانی منداڵبوون (Stages of Labor):

منداڵبوون بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت...

قۆناغی یەکەم (First stage): درێژترین قۆناغە بەژانی ڕێک دەست پێدەکات هەتاوەکو ملی منداڵدان تەواو فراوان دەبێت و دەکرێتەوە بە ڕێژەی ٨ بۆ ١٠ سانتیمەتر، کە تەواو فراوانە بۆ ئەوەی منداڵ بەناویدا تێپەڕبێت. تێکرای ماوەی قۆناغی یەکەم لەو ئافرەتانەی کە منداڵی نۆبەرەیانە ١٠بۆ ١٢ کاتژمێر دەخایەنێت بەڵام بۆ ئەو ئافرەتانەی چەند منداڵێکیان بوو ٤بۆ ٦ کاتژمێر دەخایەنێت. هەروەها ئەم قۆناغە دابەش دەبێت بەسەر دوو قۆناغی تر (قۆناغی دواکەوتن(Latent phase)، قۆناغی چالاک (Active phase)).

- **قۆناغی دواکەوتن:** لەم قۆناغەدا ملی منداڵدان کەمتر لە ٤ سانتیمەتر فراون دەبێت و ژانەکانیش بە ناڕێکن و لەسەریەک نین، هەروەها بڕێکی کەم لە دەردراوەکان دێنە دەرەوە، ئەم قۆناغەش لەوانیە بەردەوام بێت بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک یاخود چەند ڕۆژێك، باشترین چارەسەریش لەوماوەیەدا بکرێت بریتیە لە زۆر پیاسەکردن و خۆشۆردن بە ئاوێکی گەرم و زۆرخواردنی خورما، وە پێویستە ئافرەتەکە ئارم و لەسەرخۆبێت و دووربێت لە دڵە ڕاوکێ.
- **قۆناغی چالاک:** لەم قۆناغەدا ژانەکان ڕێکن و لەسەریەک دووبارە دەبنەوە وە ملی منداڵدان تەنک و فراوان بووە بەڕێژەی ٦ بۆ ١٠ سانتیمەتر ژانەکان توندتر دەبن بەڕادەیێک دەداتە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەردوو قاچەکان وە هەستکردن بە ئازارێکی توندی پشت و تەقینی پەردەی سەراو. لەکاتی هەستکردن بە ئازارێکی توند کە ناتوانێت خۆی کۆنترۆڵ بکات، ئافرەتەکە تاکە کەسە کە پێویستە لەسەری بڕیاربدات و داوا لە تیمی پەرستاران بکات بۆئەوەی بەنج یاخود هەردەرمانێکیتری بۆ بەکاربێنێت، ماوەی ئەم قۆناغە لەوانیە ٤ بۆ ٨ کاتژمێر بخایێنێت.

قۆناغی دووەم (Second stage): پێیشی دەڵێن قۆناغی دەرکردن، ئەم قۆناغە دەست پێدەکات لە کاتی فراوانبوونی ملی منداڵدان تاوەکو هاتنەدەرەوەی منداڵ. پاڵنانی دایک و گرژبوونی ماسولکەکانی منداڵدان هەردووکیان پێکەوە منداڵ فڕێدەدەنە زێنگەی دەرەوە، پێویستە سەری منداڵ بەرلە هەموو شوێنێکی منداڵەکە لە دەرچەی زێ بێتە دەرەوە، بەدەرکەوتنی سەری منداڵ لە دەرچەی زێ دەڵێن (Crowning) لەوکاتەشدا لەسەر تیمی پەرستاران پێویستە کە دایکەکە ئاگاداربکەنەوە کەچیتر پاڵ بەرەو خوارەوە نەنێت، ئیتر تیمی پەرستاران خۆیان منداڵەکە دەهێننە دەرەوە و منداڵەکە لەسەر سینگی دایک دادەنێن و ناوکە پەتکەکەی دەبڕن. تێکڕای ماوەی ئەم قۆناغە لەو ئافرەتانەی کە منداڵی نۆبەرەیانە ١ بۆ ٢ کاتژمێری پێویستە بەڵام بۆ ئەو ئافرەتانەی کە چەند منداڵێکیان بووە ١٠ بۆ ٣٠ خولەک پێویستە.

سەیری وێنەی (١.٧) بکە بۆ ئاشنابوون زیاتر.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وێنەی (١.٧) منداڵبوون بەشێوەی ئاسای

قۆناغی سێیەم (Third stage): پێشی دەوترێت قۆناغی جیابوونەوە، ئەم قۆناغە دەست پێدەکات دوای هاتنەدەرەوەی منداڵ تاوەکو جیابوونەوە و هاتنەدەروەی وێلاش. پاش ماوەیێکی کەم لە منداڵبوون ویلاش و پەردەی سەراو و ناوپۆشی منداڵدان کە بەیەکەوە ناودەبرێت بە پاشماوەی مندڵبوون (Afterbirth) دەکرێنە دەرەوە، ئەگەر هاتوو بەشێوەیێکی سروشتی وێلاش نەهاتەدەرەوە ئەوا لەسەر دکتۆر پێویستە وێلاش بهێنێتەدەرەوە، تێکڕای ماوەی ئەم قۆناغە لەو ئافرەتانەی کە منداڵی نۆبەرەیانە ١٠ بۆ ٣٠ خولەک پێویستە بەڵام بۆ ئەو ئافرەتانەی کە چەند منداڵێکیان بووە ١٠بۆ ٢٠ خولەکیان پێویستە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نیشانەکانی جیابوونەوەی وێلاش:

١. منداڵدان بچووک ڕەق دەبێت کاتێک دەستی لێدەدەیت وەکو ئەوە وایە دەست لە تۆپێکی خڕ بدەیت.

٢ـ بلۆقێکی دەرپەڕی و لەسەرو بەر دەردەکەوێت بەهۆی ئەوەی وێلاش هاتۆتە خوارەوەی منداڵدان.

٣. لەناکاو پژانی بڕێکی زۆر خوێن لە زێ.

٤. ناوکە پەتک لە دەرەوەیە و درێژی زێش زیاد دەکات.

__تێبینی__: پێویستە لەسەر ئافرەتی دووگیان لەکاتی منداڵبوون ئەگەر هاتوو ملی منداڵدانی بەتەواوەتی فراوان نەبوو خۆی دووربگرێت لە پاڵنان (قەوتکردن) هەتاوەکو تیمی پەرستاران ئاگاداری دەکەنەوە، کاتی پاڵنانە چونکە ئەگەر بێت و زوو پاڵنان ئەنجامبدات ئەو زۆر ماندوو دەبێت و توانای نامێنێت لە کاتی فراون بوونی ملی منداڵدان پاڵنان ئەنجامبدات، هەروەها تووشی هەناسە بڕێکێ دەبێت. شێوازی پاڵنان پێویستە ئافرەت لەکاتی پاڵنان هەناسێکی قووڵ هەڵمژێت و پاڵبنێت بەرەو خوارەوە بێ ئەوەی هەناسەکە بداتەوە.

ئیپزیۆتۆمی (Episiotomy):

بڕینی ناوچەی پرینیۆم (Perineum) کە دەکەوێتە نێوان دەرچەی زێ و کۆم ئەم بڕینە یارمەتی سەری منداڵ دەدات بێتە دەرەوە و وەرێگری دەکات لە لەخۆوە دڕانی پرینیۆم بەشێوەی تیر کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەدەرچەی زێ وە بۆ کۆم درێژدەبێتەوە، ئەم بڕینەش لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە سەری منداڵ گەورەیە یان دەرچەی زێی ئافرەت بەرادەی پێویست فراوان نیە. وە هەمیشە ئیپزیتۆمی ئەنجامدەدرێت ئەو کاتەی دایکەکە ژانی فورلە. لەکاتی تەواوبوونی پرۆسەی منداڵبوون بەبەکارهێنانی بەنج ئەم بڕینە دەدوردرێتەوە، هەنێجار پێیدەوترێت منداڵبوون بە شێوەی تەقەڵ.

بەکارهێنانی ئامێرەکانی (Vacuum) و (Forceps):

ئەم ئامێرانە هەردووکیان بەکاردێن بۆ دەرهێنانی سەری منداڵ لە دەرچەی زێ ئەگەر هاتوو دایکەکە زۆر ماندوو بوو توانای پاڵنانی نەبوو دەتوانرێت ئەم ئامێرانەی بۆ بەکاربهێنرێت.

ڕاستوخۆ گرینگدان بە کۆرپەلە تازەبووەکە:

پێویستە لە کاتی هاتنە دەرەوەی کۆرپەلە ڕاستەوخۆ کۆرپەکە لەسەر سکی دایکەکە دەنرێت و ئینجا ناوکە پەتکەکەی ببڕدرێت، وە دەبێت پێستی کۆپەکە بەر پێستی دایک بکەوێت، چونکە ئەم بەرکەوتنی پێستە بەسوودە بۆ لایەنی عاتفی نێوانیان و وەگرینگە بۆ هێوربوونەوەی هەردووکیان و پارێزگاریش لە پلەی گەرمی کۆرپەکە دەکات. ئەگەر هاتوو منداڵەکە پیسای خۆی خواردبۆوە لە نێو سکی دایکی پێویستە ڕاستەوخۆ ڕێڕەوی هەناسەدانی وەک دەم و لووت پاکبکرێتەوە، وەدەبێت بەوردی دیقەت بکرێتە سەر ئاستی لێدانی دڵ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و هەناسەدانی ئەگەر هەر کێشەیەک هەبوو پێویستە ڕاستوخۆ هەنگاوەکانی بوژانەوەی بۆ ئەنجام بدرێت، هەروەها پێویستە پاریزگاری لە پلەی گەرمی کۆرپەکە بکرێت بە داپۆشینی و ڕێگریکردن لە سەرما بوونی.

هەروەها پێویستە پێوەری ئەپگاری (Apgar score) بۆ بکرێت ئەم پێوەرە بەکاردێت بۆ هەڵسەنگاندنی حاڵەتی جەستی کۆرپلە وە بەپێی هەڵسەنگاندنەکە خاڵی بۆ دادەنرێت وە یارمەتیمان دەدات بۆ زانینی مانەوەی کۆرپلە لە ژیان، هەروەها بۆ زانینی باری ناوەندە کۆئەندامی دەمار پێوەری ئەپگار (Apgar score) پێنج شت دیاریدەکات.

١. (A) Appearance: ڕەنگی پێست

٢. (P) Pulse: تێکڕای لێدانی دڵ

٣. (G) Grimace: کاردانەوەی جەستییەکان

٤. (A) Activity: جوڵەی منداڵەکە

٥. (R) Respiratory: هەناسەدان

هەریەک لەم پێنج پێوەرە ئەگەر هیچ کێشەیکی نەبوو ٢ خاڵ وەردگرێت، وە ئەگەرکێشەی هەبوو بەلام کەم بوو ١ خاڵ وەردەگرێت، بەلام ئەگەر بەتەواوی کێشەی هەبوو ٠ دادەنرێت. کۆی گشتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خاڵەکان ئەگەر کێشەی نەبوو پێویستە بکاتە ١٠ خاڵ وە ئەگەر لە ٥ خاڵ کەمتر بوو ئەوا خراپە بەڵام ئەگەر لە ٥ خاڵ زیاتر بوو باشە.

وە پێویستە پێوانەی درێژی و کێشی منداڵەکە بکرێت وە ڕێژەی ئاسای کێشی منداڵ ٢.٥ بۆ ٤ کیلۆیە، وە ڕێژەی ئاسای درێژی منداڵ لەنێوان ٤٧.٥ بۆ ٦٠ سانتیمەترە.

منداڵبوون بە شێوەی نەشتەرگەری (Cesarean Section):

منداڵبوون بەشێوەی نەشتەرگەری ئەنجامدەدرێت بە بڕینی زگ و منداڵدان وە دەرهێنانی کۆرپەلە لە منداڵدان وە ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدرێت، کاتێک پێشنیاردەکرێت کە منداڵبوون بەشێوەی نەشتەرگەری باشترە لە منداڵبوون لە دەرچەی زێ بۆ دایک یاخود کۆرپەلە یان بۆ هەردووکیان پێکەوە.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم جۆرە منداڵبوونە سەیری وێنەی(٢.٧) بکە.

وێنەی (٢.٧) منداڵبوون بەشێوەی نەشتەرگەری



WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هۆکارەکانی منداڵبوون بە شێوەی نەشتەرگەری:

١. کەم بوونەوەی شلەی سەراو.

٢. شۆڕبوونەوەی ناوکە پەتك (cord prolapse).

٣- دروست بوونی وێلاش لە بەشی خوارەوەی منداڵدان (placenta previa).

٤. هیچ پێشکەوتنێک لە ژان نەبێت.

٥. دایکەکە نەخۆش بێت.

٦. حەوزی دایکەکە تەسک بێت.

٧. جیابوونەوەی وێلاش.

٨. پێشوتر منداڵی بە شێوەی نەشتەرگەری بووبێت.

٩ـ خراپ هاتنی منداڵ بەشێوازێ کە قاچەکان یەکەمجار بێت (Breech) وە بەشێوەی (Lie , Transverse).

تێبینی: منداڵبوون بەشێوەی نەشتەرگەری بە دوو شێوە ئەنجامدەدرێت یەکەمیان بە شێوەی **پلاندانان** (Elective) کە هەر لە پێش کاتی منداڵبوون پلانی بۆدادەنرێت، دووەمیان بەشێوەی **تەواری** (Emergency) ئەم جۆرەیان ئەنجامدەدرێت لە کاتی هەبوونی کێشەیێک لە دایک یاخود کۆرپەلە لەکاتی منداڵبوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەترسییەکانی منداڵبوون بە شێوەی نەشتەرگەری (CS):

- خوێن بەربوون.
- زیانپێگەیاندنی ئەندامەکانی دەوروبەری منداڵدان.
- هەوکردن.
- مەترسی بەنج.
- گواستنەوەی ناوپۆشی منداڵدان بۆ شوێنەکانیتری حەوز (Endometritis).

ئەو ڕێنمایانی پێویستە ڕەچاوبگیرێت پێش نەشتەرگەری:

١. پێویستە ڕۆژێك پێش نەشتەرگەری سەردانی نەخۆشخانە بکرێت بۆ ئامادەکردنی پشکنینی جۆری خوێن و ڕێنمایەکان.

٢ـ هەروەها پێویستە لەسەر ئەو دایکەی کە نەشتەرگەری دەکرێت خۆی دوورگرێت لە خواردن و خواردنەوە بۆماوەی هەشت کاتژمێر پێش نەشتەرگەری.

٣. خۆشۆردن پێش ئەوەی بێت بۆ نەخۆشخانە.

٤. بەکارنەهێنانی دەرمانی ئەسپرین یەک حەفتە پێش نەشتەرگەری.

٥- دەرمانی فشاری خوێن (زەخت) و غودە پێویستە لە ڕۆژی نەشتەرگەریەکە بەیانی زوو لەگەڵ یەك (فرە) ئاو بخورێت.

٦ـ دەرمانی شەکرە نابێت ڕۆژی نەشتەرگەری بەکاربهێنرێت.

٧. ئامادەکردنی ئەنجامەکانی تاقیگە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاودێری ڕاستەوخۆ دوای نەشتەرگەری:

١ــ دوای ئەوەی نەشتەرگەری تەواوبوو پێویستە ئافرەتەکە بگەڕێنرێتەوە ناوچەی چاودێری.

٢ـ پێویستە دڵنیا ببینەوە لەوەی کە ئافرەتەکە هیچ ژانێکی لە منداڵدان ماوە یاخود خوێنی لەبەر دەڕوات یان شوێنی نەشتەرگەریەکەی ئیلتیهاباتی کردووە یان نا.

٣. چاودێری کردنی تەواوی میزی دەردراو.

٤. چاودێریکردنی نیشانەکانی ژیان (Vital signs).

٥. هەروەها پێدانی دەرمان سەرتا بەشێوەی (IV) دواتر بەشێوەی زار.

٦ــ کاتێک نەشتەرگەری بە ئەنجام و تەواو بوو ئافرەتەکە دەگوازرێتەوە بۆ ژووری دوای نەشتەرگەری.

خواردن و خواردنەوە دوای نەشتەرگەری:

١. پێویستە ٦ بۆ ٨ کاتژمێر دوای نەشتەرگەری خواردن و خواردنەوە بخورێت.

٢. پێویستە نەخۆش خواردنە شلەکان وەکو سووپ و نیسک بخوات.

٣. ئافرەتەکە دەتوانێت خواردن و خواردنەوە بخوات ئەگەر توشی هیچ کێشێک نەبوو دوای نەشتەرگەری.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤ـ ئەگەر نەخۆشەکە ئیلتیهاباتی زۆربوو یاخو تووشی خوێن بەربوون بووبێت لە شوێنی نەشتەرگەریەکەی ئەوا دەبێت خۆی دوورگرێت لە خواردن و خواردنەوە، تاوەکو گوێی لەدەنگی ریخۆڵەکان دەبێت.

٥ـ ئەگەر نەخۆشەکە موغەزی لەسەربوو پێویستە چاوەڕێبکات تاوەکو موغەزیەکەی تەواو دەبێت ئینجا خواردن بخوات.

٦. دڵنیابوونەوە کە دایکەکە خواردنی رێك و پێك بخوات و دووربێت لەو خواردنانەی کە زیان بە تەندروستی دەگەیێنێت.

پیاسەکردن دوای نەشتەرگەری:

٦ بۆ ٨ کاتژمێر دوای نەشتەرگەری پێویستە ئافرەتەکە دەست بکات بە پیاسەکردن. چونکە پیاسەکردن یارمەتی سوڕی خوێن دەدات و وە کرداری هەناسەدانیش باش دەکات، هەروەها یارمەتی کۆئەندامی هەرس دەدات بۆ ئەوەی دەست بکاتەوە بە فەرمانەکانی خۆی بەشێوەێکی گشتی یارمەتی هەموو ئەندامەکانی لەش دەدات.

چاودێری برین:

پێویستە پەرستار ئامۆژگاری و ڕێنمای بدات بەدایکەکە سەبارەت بەشوێنی برین وپێی ڕابگێنێت، کە دەبێت شوێنی برینەکە پاك و خاوێن ڕاگرێت بۆ ئەوەی ئیلتیهابات نەکات، وە لەکاتی خۆشۆردن نابێت ڕاستەوخۆ ئاو بکات بە شوێنی برینەکە، بەلایەنیکەم تا یەک حەفتە، هەروەها پێویست ناکات هیچ کرێم و مەلهەمێک لە شوێنی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برینەکە بدات، تاوەکو بەتەواوی چاک دەبێتەوە و ٧رۆژ دوای نەشتەرگەری پێویستە بچێت بۆ نەخۆشخانە تاوەکو داوەکە دەربهێنێت وە لە پاش دەرهێنانی داوەکە دەتوانێت کرێم و مەلهەم بۆ شوێنی برینەکە بەکاربهێنێت و شوێنی برینەکە بشوات، ئافرەتەکە دەبێت لەکاتی هەستان و ڕۆیشتن و جوڵەی لەناکاو وەکو (کۆکە، پێکەنین) دەست بەزگیەوە بگرێت بۆ ئەوەی برینەکە خراپ نەبێت، وە لەکاتی بوونی هەر نیشانێکی هەوکردن وەکو (سووربوونەوە، ئەستووربوون، دەردانی کێم و ئاو، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بۆ ٣٨ پلەی سیلیزی، زۆربوونی ئازار) لەشوێنی برین پێویستە ڕاستەوخۆ سەردانی نەخۆشخانە بکات.

هەناسەدان:

پێویستە پەرستار ڕێنمای بدات بە ئافرەتەکە سەبارەت بە هەناسەدان لەو کاتەی کە لە نەخۆشخانەیە، ئافرەتەکە لەسەری پێویستە لەماوەی یەک کاتژمێردا ٥ بۆ ١٠ هەناسەی قووڵ هەڵمژێت و بۆ ماوەی ٥ بۆ ١٠ چرکە ڕاگرێت، وە لەکاتی بەتاڵکردنی هەوای نێو سییەکانی (هەناسە دانەوە) دەست بگرێت بە زگی یاخود سەرینێک لە باوش بگرێت بۆ ئەوەی برینەکەی خراپ نەبێت.

ئەو خۆراکانەی کە دوای نەشتەرگەری پێویستە بیخوات:

خۆراکی باش پێویستە بۆ خێرا چاکبوونەوەی تەندروستی ئافرەتەکە وەرگرتنی وزە دوای نەشتەرگەری. ئافرەتەکە دەبێت بەردەوام بێت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەسەر خواردنی ئەو خۆراکە تەندروستیانەی کە لە ماوەی دووگیانی دەیخوارد، ئاگاداری بکەرەوە کە ئەو خۆراکانەی دەیخوات پێویستە دەوڵەمەند بێت بە (**پرۆتین و ڤیتامین C و ئاسن**) پرۆتین یارمەتی تەندروستی دەدات و پێویستە بۆ گەشەکردنی شانەی نوێ، ڤیتامین C ڕۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ تەندروستی وە دژە هەوکردنە، ئاسن یارمەتی سیستەمی بەرگری دەدات و پێوستە بۆ هیمۆگلۆبین. جەستە ئاسنی زۆر لەدەستدەدات لە کاتی لە دەستدانی خوێن. گرینگە ئافرت بڕێکی زۆر ئاو و شلە بخوات چونکە زۆر خواردنی شلە ڕێگریدەکات لە وشکبوونەوە و قەبزبوون، پێویستە ڕۆژانە ٨ بۆ ١٠ گلاس خواردنەوە بخوات بەتایبەتی ئاو و شیرێک کە چەوریەکی کەم بێت وە بۆ ئەو ئافرەتانەی شیری خۆیان دەدەن بە منداڵەکانیان پێویستە بە لایەنی کەم ٤ گلاس شیری کەم چەوری یاخود ماستێک کە چەوریەکی کەم بێت بیخوات و **کالیسیۆمی** تەواو وەرگرێت بۆ ئەوەی شیری زیاد بکات. هەروەها وەرگرتنی **ڤیتامینA** کە لە گوێزەر و جگەردا هەیە، وە خواردنی ئەو خۆراکانەی کە دەوڵەمەندن بە **ڕیشاڵ** وەکو میوەی تاز و سەوزە چونکە ئەو خواردنانەی کە ڕیشاڵی زۆریان تێدایە هانی ڕیخۆڵەکان دەدەن بۆ ئەوەی فەرمانەکانیان بەجێبگێنن ڕێگری دەکەن لە قەبزبوون و یارمەتی میزەڵدانیش دەدات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێش وەختە منداڵبوون (Premature baby):

هەندێك ئافرەتی دووگیان بەهۆی چەند هۆکارێك منداڵەکانیان زووتر لە وکاتە دەبێت کە دکتۆر پێش بینی دەکات واتە منداڵبوون پێش ٣٧ حەفتە پێدەوترێت پێش وەختە منداڵبوون. وە ئەم جۆرە منداڵانە پێویستی بە گرینگی پێداێکی زۆر هەیە و وەدەبێت بخرێتە ناو شووشە (Incubator) بۆماوەیێک تاوەکو دەتوانن لە دەرەوە بژیت چونکە ناو شووشەک پلەی گەرمی نزیکە لە پلەی گەرمی ناو زگی دایک بەهۆی ڕوناکی، وە هەروەها خۆراکیش لە ڕێگای لوتی ڕوانەی ناو گەدەی دەکەن بۆ ئەوەی خۆراکی پێ بدەن. هەروەها ڕۆژانە پێویستە پشکنین بۆ کۆرپەلە بکرێت سەبارەت بە نیشانەکانی ژیان (Vital signs) کاتێک لەنێو ئەم شوشەیەیە.

ئەو هۆکارانەی کەوادەکات منداڵبوونی پێش وەختە ڕوویدات:

١- جگەرە کێشان.

٢- بەد خۆراکی یاخود خواردنی خۆراکی خراپ.

٣- هەوکردنی کۆئەندامی میز(UTI) بەتایبەتی هەوکردنی کلیەکان کە کاردەکاتە سەر پەردەی سەراو وادەکات بتەقێت و منداڵکە پێش وەختە لە دایک بێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤- زیاتر لە یەک منداڵ لە منداڵدان بێت واتا (دووانە، سیانە.....هتد).

٥- کێشە لە منداڵدان و کرانەوەی ملی منداڵدان.

٦- خوێن بەربوون.

٧- ئافرەتەکە پێشوتریش منداڵی زووتر لەوەختی خۆی بووبێت.

٨- پێش وەختە تەقینی پەردەی سەراو(PROM).

٩- نەخۆشیە درێژخایەنەکان وەک (نەخۆشی دڵ و کلیەکان).

١٠- زەخت لەماوەی دووگیانی.

١١- بەکارهێنانی هەندێک دەرمان کە لەوماوەیە قەدەغەیە.

١٢- دروست بوونی وێلاش لە خوارەوەی منداڵدان.

__تێبینی:__ لەبەر ئەوەی سییەکانی منداڵ کۆتا ئەندامن کە پێدەگەن لەوکاتەی دکتۆرەکە ئەوە دیاری دەکات کە، ئافرەتەکە زووتر لەکاتی خۆی منداڵی دەبێت پێویستە دەرزی (Steroid injection) لە دایکەکە بدرێت بۆ ئەوەی سییەکانی منداڵەکە پێبگات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو كێشانەی تووشی ئەو منداڵانە دەبن كە زووتر لەكاتی خۆیدا لەدایك بوون:

١. نەخۆشی سییەكان (Lung disease): ئەو منداڵانەی كە زووتر لە وەختی خۆیان دەبن پێویستیان بە ئۆكسجینە. لە ڕێگای هەواگۆڕ (Ventilator) یاخود دانانیان لە نێو شووشە، (Incubator) تاوەكو سییەكانیان بە تەواوی پێدەگەن.

٢. نەبوونی توانا بۆ مەمك مژین (Feeding difficulties): ئەو منداڵانەی كە زووتر لەكاتی خۆیان دەبن توانای مژینی مەمكیان نیە، بۆیە سۆندەیێك لەڕێگای لووتیەوە ڕەوانەی گەدە دەكرێت بۆ پێدانی خۆراك، تاوەكو ئەو كاتەی توانای مژینی دەبێت.

٣- كۆنترۆڵ نەكردنی پلەی گەرمی (Temperature control difficulties): ئەو منداڵەی كە پێش وەختە بووە توانای كۆنترۆڵكردنی پلەی گەرمی نیە، چونكە لە مێشكدا بەشێك هەیە كە سەنتەری كۆنترۆڵكردنی گەرمیە لەمێشكدا هێشتان پێنەگەیشتووە، بۆیە بەدانانی كۆرپەلە لەنێو شوشە گەرمییەكی تایبەتی بۆ دابیندەكرێت.

٤ـ تەنگە نەفەسی (Apnea): كاتێك هەناسە دەوەستێت بۆ ماوەیێكی كەم، هەناسەدان كۆنترۆڵ دەكرێت لەلایە بەشێكی مێشك، كە پێی دەوترێت سەنتەری هەناسەدان، بەڵام لەمنداڵی پێش وەختە هێشتان پێنەگیشتووە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٥ـ لێدانی دڵ بەهێواشی (Bradycardia): لێدانی دڵ بەهێواشی بەهۆی تەنگە نەفەسی روودەدات.

٦ــ زەردوویــی (Jaundice): تــووش بــوون بە زەردووی بەهــۆی بیلۆرۆبینە، کە دەبێتە هۆی زردبوونی پێست، وە پێویستە منداڵەکە لەبەر روونــاکی (Phototherapy) دابنرێــت بــۆ ئەوەی زەردوویــی نەمێنێت.

پاش وەختە منداڵبوون (Post - term):

واتــا منــداڵبوون دوای ٤٢ حەفــتە، ئەمەش یەکــێکە لەکێشــەکان کە لەئافرەتی دووگیــان روودەدات، بەڵام بەرێژەیەکــی کەم. بەهــۆی ئەوەی منــداڵەکە گەورەتــرە لە ئاســتی ئاســای خــۆی، هەروەهــا وێڵاشــیش بچووک و کەم چالاک دەبێت. هەروەها یەکێک لە هۆکارەکانیتر کە منــداڵبوون درەنگتــر لەکاتی خــۆی دەبێــت ئەوەیە کە دایــکەکە نەخۆشی شەکرەی هەیە.

پێویستە ئافرەتەکە سۆنەر بکات بۆ ئەوەی بزانێت جوڵەی منداڵ و شــلەی ســەراوی ئاســاییە یــاخود نــا، هەنــدێک لەو ئافرەتــانەی کە منــداڵبوونیان دواکەوتــووە نایانەوێــت ســەردانی نەخۆشــخانە بــکەن، چونکە دەیانەوێت بەشێوەیەکی ئاسای منداڵیان ببێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا زۆر هەڵەیە، چونکە لەوانیە ببێتە هۆی مردنی منداڵەکە بەڵام بەشــــێوەیەکی ئاســــای دەتــــوانن یەک بــــۆ دوو رۆژ دوای تەواوبوونی کاتی منداڵبوون چاوەرێ بکەن، بەڵام لەمە زیاتر پێویستە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەردانی نەخۆشخانە بکەن. ئەگەر هاتوو شلەی سەراو یاخود جوولەی منداڵ کەم ببوو وەیان ئەگەر دایکەکە زەختی بەرزبۆوە پێویستە ڕاستەوخۆ دایکەکە ڕەوانی ژووری نەشتەرگەری بکرێت بۆ ئەوەی بەشێوێ نەشتەرگەری منداڵەکەی بێت.

چلە (Puerperium):

دوای منداڵبوون ئافرەت بە قۆناغێکیتردا تێدەپەڕێت ئەویش کەوتنە سەرخوێنە بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ یاخود ٦ حەفتە.ئەم جۆرە کەوتنە سەر خوێنەش جیاوازە لەوەی کە لە سوڕی مانگانەدا ڕوودەدات چونکە ئەمەیان تەنها لە دوای منداڵبوون ڕوودەدات بۆ ئەوەی منداڵدان بگەڕێتەوە سەر شێوەی پێش دووگیانی.

ئەگەر هەر کێشەیەك لەو ماوەیدا رویدا ئەوا دەبێتە هۆی ناناسای لە چلەدا بۆ نمونە پشت هێشانێکی زۆر لەدوای دەرۆژی چلە، سەرسوڕان و ڕشانەوە، بەرەوام بینینی خوێنێکی گەش یاخود بینین خوێنی پەمەی وە بۆنی ناخۆش بێت

، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جەستە لە سەرەتاکانی چلە، سەرئێشەی بەردەوام، هەوکردنی کۆئەندامەکانی حەوز.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەنع (پلانی خێزانی)

Contraception (Family planning)



WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەنع (پلانی خێزانی) (Contraception (Family planing:

چەنـدین ڕێگـا و تەکنیـک هەیە بـۆ ڕێگریکـردن لە پیتـێن یـان وەســتاندنی دووگیـانی بە چەنــدین قۆنــاغی جیــاوازلە ســاڵی (١٩٧٥)(WHO) ڕێخراوی تەندروسـتی جیهانی کە ڕێکخرۆێکـی ئەمــریکیە ڕەچـاوی پلانــی خێزانیــان کــرد کە دەســتکەوتێکی دڵنیایکەرەوەیە وە یارمەتی تاک و هاوسەران دەدات.

سوودەکانی پلانی خێزانی:

- چاکسازی لە تەندروستی ئافرەت.
- کەم کردنەوەی ڕێژەی لەباربردنی خۆویستانە.
- کەم کـردنەوەی ڕێـژەی نەخـوازراوی دووگیـان و لەدایـک بوون.
- چاکسازی لە بواری ئابوری.
- دوورکەوتـنەوەی دووگیـانی بـۆ ئەو ئافرەتـانەی نەخۆشـی گوازراوەیان هەیە و کاریگەری دەکاتە سەر منداڵ.
- بۆ ڕێکخستنی ماوەو وچان لە نێوان دووگیانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تایبەتمەندیەکانی مەنعی نمونەی:

- هەرزانن
- سەلامەتن
- بەکارهێنانی ئاسانن و کاریگەری لاوەکیان کەمە
- هەرکاتێک ئافرەتەکە واز لە مەنعەکە بهێنێت بەخێرای دەتوانێت دووگیان ببێتەوە
- بەئاسانی بەردەست بێت
- کاریگەری باش بێت

پۆلینکردنی مەنع دووجۆرە:

۱. مەنعی کاتی
۲. مەنعی هەمیشەی

۱. مەنعە کاتیەکان:

- مەنعی سروشتی (Natural contraception)
- مەنع بە ڕێگریکردن (Barrier methods)
- مەنعی هۆرمۆنی (Hormonal contraception)
- دانانی ئامێر لە ناو منداڵدان (Intra uterine contraception devices)
- مەنع بەشێوەی تەواری (Emergency (post coital) contraception)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢. مەنعی هەمیشەی:

قەپاتکردن (خەساندن) Sterilization:

- قەپاتکردنی هەردووجۆرگەی فالووپ لە ئافرەتدا (Tubal ligations)
- قەپاتکردنی هەردووبۆڕی تۆمەڕۆلە پیاواندا (Vasectomy)

تۆمەڕۆ: ئەو بۆرییەی لە گونەوە تۆماودەبات بۆ دەرەوەی لەش.

١ـ مەنعە کاتیەکان: ئەم جۆرە مەنعە بەکاردێت بۆ ماوەیێکی کاتی ئەگەر ئافرەت یان پیاو ویستی واز هێنانیان هەبێ ئافرەتەکە دەتوانێت دووگیان بێتەوە.

مەنعی سروشتی (Natural contraception):

١-ئاگاداربوون لە کاتی پیتاندن (Fertility Awareness)

٢-دەرهێنان (Withdrawal)

٣. شیردان (Lactational method)

١. ئاگاداربوون لەکاتی پیتاندن (Fertility Awareness):

بەکارهێنانی هێماو نیشانەکانی وە دەست نیشانکردنی ڕۆژی سوڕەکە، وەچ کاتێك هێلکەدانان ڕودەدات، وە کاتێک هاوسەران مەنعی سروشتی بەکاردەهێنن پێویستە جووت بوون ڕابگرن لەماوەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سوری هێلکەدانان کە مەترسی هێلکە پیتران هەیە لەوکاتەدا.
چۆنیەتی زانینی کاتی پیتاندن بریتیە لە:

- بەکارهێنانی ڕۆژ ژمێر (Calendar)
- پێوانەی پلەی گەرمی لەش (Basal Body Temperature(BBT))
- بینینی لینجەی ملی منداڵدان (Cervical mucus)

بەکارهێنانی ڕۆژ ژمێر (Calendar):

ئەم ڕێگایە تەنها بۆ ئەو ئافرەتانەیە کە سوڕی مانگانەیان ڕێکە واتا بۆ هەموو ئافرەتێک بەکارناهێت، لە وێنەی (٨-١)دا دەردەکەوێت، وە ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە هەبوونی زانیاری تەواو سەبارەت بە ڕوودانی ڕۆژی هێلکەدانان، وە خۆ دوورگرتن لە جووت بوون لەپێش ڕۆژی هێلکەدانان و وە لە دوای ئەو ڕۆژەش سپێرم دەتوانێت بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ بژیت وە هێلکەش دەتوانێت بۆماوەی یەک ڕۆژ بژیت وە هەر جووتبوونێک لەو ماوەیە دەبێتە هۆی سکپڕی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وێنەی (٨-١)



پێوانەی پلەی گەرمی لەش ((Basal Body Temperature (BBT):

- لەدوای ڕوودانی هێلکەدانان پلەی گەرمی لەشی ئافرەت کەمێك بەرزدەبێتەوە بەڕێژەی (٠.٢ . ٠.٥ پلەی سیلیزی).
- خۆ دوورگرتن لە جووت بوون یاخود بەکارهێنانی بەدیلێك کە ڕێگری بکات لە سکپڕی، ئەم مەنعە لەکۆتا ڕۆژی عادە هەتاوەکو سێیەم ڕۆژ دوای بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی لەشی ئافرەتەکە پێویستە خۆی دووربگرێت لە جووت بوون لە ماوەی هێلکەدانان. وێنەی (٨ ــ٢) بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی نیشاندەدات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم کردار ئەنجامدەدرێت کاتێک بەیانیان لە خەو هەڵدەستی و بێ ئەوەی هیچ خواردنێک بخۆیت، پێوانەی پلەی گەرمی لەش دەکرێت، وە ئەم کردارە ئەنجام دەدرێت هەموو ڕۆژ لەدوای ئاخیر ڕۆژی کەوتنە سەرخوێن، تاوەکوو سێ ڕۆژ دوای بەرزبوونەوی پلەی گەرمی لەش، واتا لەماوەی هێلکەدانان ئەمەش یەکێکە لەمەنعە سرووشتیەکان پێویستە ئافرەتەکە خۆی دوورگرێت لە جووت بوون.

وێنەی (٨-٢)



Birth Control Basal Body Temperature

بینینی لینجەی ملی منداڵدان (Cervical mucus):

- ڕێژەی لینجی و تایبەتمەندیەکانی ملی منداڵدان لەماوەی سوری مانگانەدا گۆڕانکاری بەسەردێت، ئەویش بەهۆی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن.
- لەکاتی هێلکەدانان لینجەی ئیسترۆجین زۆر ڕوونە، وە سپێرم بە ئاسانی دەتوانێت بەناویدا تێ پەڕێت.
- لەم مەنعە سروشتیەدا ئافرەتەکە پێویستە خۆی بەدوورگرێت لەجووت بوون، ئەوکاتەی کە لینجە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە زێی دێتە دەرەوەی لەش و دەبینێت، تاوەکو ٤ڕۆژ دوای بینینی ڕێژەیەکی زۆر لە لینجەی ملی منداڵدان، وە روون بوونی لینجەکە تاوەکو لینجەکە لەشێوەی ئاودا دەردەکەوێت.

٢-دەرهێنان(Withdrawal):

- کاتێك ئافرەت و پیاو دەست دەکەن بەکرداری جووت بوون، لەوکاتەی کە پیاو هەستیکرد ئاوی دێتەدەرەوە (Ejaculation) پێویستە ڕاستەوخۆ چووک لە زێی ئافرەت دەربکات و ئاوەکەی لەدەرەوەی لەش ئافرەتەکە بەتاڵبکات.
- ئەم کرداری بەتاڵکردنی ئاوە لەدەرەوی لەشی ئافرەت، ڕێگری دەکات لە چوونە ژوورەوەی سپێرم بۆ ناو لەشی ئافرەت، بەمەش سکپڕی روونادات.
- وە ئەم ڕێگایەش پێویستی پیاو زۆر تەرکیزی باش بێت و کۆنترۆڵی لەسەرخۆی بێت، بۆ ئەوەی ئاگاداربێت کە لە چ کاتێک ئاو دێتە دەرەوەی لەشی.
- وە ئەم ڕێگایەش تا ڕادەیێک سەرکەوتوو نیە، لەبەر ئەوەی لەوانیە دڵۆپێک ئاوی پیاو لە چووکیەوە دەرچێتە ناو زێی ئافرەت، پێش ئەوەی پیاوەکە ئاوی بێتەوەو ئەم دڵۆپەیەش چەندین سپێرمی هەڵگرتبێت و ببێتە هۆکاری پیتێنی هێلکە، وە سکپڕی ڕوویدات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. شیردان (Lactational method):

کاتێک منداڵ دەست دەکات بەمژینی گۆی مەمکی دایک، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەلی پێشەوەی ژێرمێشکە رژێنکان ئاگادار بکاتەوە لەدەردانی هۆرمۆنی پرۆلاکتین. کە لە ژێر کاریگەری ژێرلانک دایە، وە ئەم هۆرمۆنی پرۆلاکتینە بەرپرسە لە درووست بوونی شیر و پێگەیاندنی مەمکەکان لە ئافرەتاندا، هەروەها هۆرمۆنی پرۆلاکتین لەکاتی شیرداندا دەبێتە هۆی وەستاندنی **هۆرمۆنی ئیسترۆجین** و **هێلکەدانان**. وە ئەم مەنعە بەشێوەیکی کاتی نامێنێت دوای ٦مانگ لەدوای منداڵبوون ئەمەش بۆ ئەو ئافرەتانەی بەتەواوی یاخود ڕێژەیکی زۆر شیری خۆیان دەدەن بەمنداڵەکانیان وە هەروەها ئەم ڕێگایە ٩٨٪ کاریگەری هەیە بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە شیری خۆیان نادەنە منداڵ پێویستە ڕاستەوخۆ دەست بکەن مەنعی تر.

مەنع بە ڕێگریکردن (Barrier methods):

ئەم جۆرە مەنعە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، بەشێوەی **کیمیای** (Chemical) وەکو **حەب** وەهەروەها بەشێوەی **فیزیای** (Physical) وەکو **کۆندۆم**. وەبۆ ئەوەی ئەم جۆرە مەنعە کاریگەری هەبێت پێویستە بەڕاستی و گونجاوی بەکاربهێنرێت ئەماوەی جووتبووندا.

١. ڕێگریکردن بەشێوەی فیزیای (Physical barrier):

ئەم ڕێگایە ڕێگری دەکات لە چونە ژوورەوی تۆواوی پیاو لەکاتی جوتبوون بۆناو زێی ئافرەتوو مەلەکردنی بۆ ناو منداڵدان و جۆگەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فالووپ پیتاندنی هێلکە لەماوەی هێلکەدانان، بەمەش ئافرەتەکە بەدوور دەبێت لە سکپڕبوون.

جۆرەکانی ڕێگری بەشێوەی فیزیای پێکدێت لە:

- کۆندۆمی پیاو (Male condom)
- کۆندۆمی ئافرەت(Female condom)
- دایەفرگم (Diaphragm)
- قەپاغی ملی منداڵدان (Cervical cap)
- ئیسفنجی زێ(Vaginal sponge)

کۆندۆمی پیاو (Male condom):

یەکێکە لەباشترین و زۆرترین بەکارهێنەرەکانی ڕێگریکردن لە سکپڕی بەشێوەی (میکانی)، وە هەروەها کۆندۆم یەکێکە لەباشترین ڕێگریەکان ناهێڵێت نەخۆشیە گوازراوەکانی جووت بوون (STDs) بگوازرێتەوە، لە مادەیێکی لاستیکی دروستکراوە، هەروەها کۆندۆم لەگەڵ سپێرم کوژ بەیەکەوە ڕێژەیێکی بەرچاو کاریگری دەبێت لە ڕێگریکردن لە سکپڕی بە ڕێژەی ٩٩٪، ڕاستەوخۆ دوای وازلێهێنانی ئافرەتەکە دەتوانێت دووگیان بێت ئەگەر ویستی لەسەر بێت.

تێبینی:

ئەوکەسانەی حەساسیان بە لاستیکەکەی کۆندۆم هەیە پێویستە بەکاری نەهێنن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گاریگەری لاوەکیەکانی:

- زۆربەکارهێنانی لەوانیە ببێتە هۆی حەساسی.
- لەوانـیە هەسـتی پیـاو کەم بکـاتەوە و توانـای ڕەپبـوونی (Erection) چووک نەهێڵێت.
- کێشەی تەکنیکی وەك کون بوونی کۆندۆم.

•

کۆندۆمی ئافرەت(Female condom):

ئەم جۆرەکۆندۆمە دەخرێتە ناو زێی ئافرەت و پێک هاتووە لەدووئاڵقە لە سـەرەکانی، وە مـادەیێکی لاسـتیکی لە ناوەڕاسـتی ئاڵقەکـان، ئەو ئاڵقەیەی کە داخیلی زێی دەکرێت داخراوە، بەڵام ئەو ئـاڵقەیەی کە لەدەرەوەیە دانەخـراوە، وە ئەو جـۆرە کۆنـدۆمە دەتوانرێـت بەکاربێـت کاتێـک پیـاو ئامـادە نیە کۆندۆمی پیاوان بەکاربێنێت، وە ڕێگـری دەکات لە گۆاستنەوەی ئیلتیهابات و نەخۆشیە گوازراوەکـانی جووت بوون (STDs)، دەتوانرێت بۆماوەی ٨ سـەعات لەنێو زێ بمێنێتەوە.

دایەفرگم (Diaphragm) قەپاغی ملی منداڵدان (Cervical cap):

ئەمـانە هەردووکیـان وەک قەپـاغ دەخـرێتە ملـی منداڵـدان بەڵام زۆر سـەرکەوتوونیە وە نەخۆشـیەکانیش گوازراوەکـان دەگـوازرێتەوە لەم ڕێگـایە، وە لەکـاتی جووتبـوون لەوانـیە شـوێنی خـۆی بەربدات. لـە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وێنە(٨-٣) هەندێک لەکۆندۆم نیشان دەدات کە بۆ ڕێگریکردن لە سکپڕی بەکاریدەهێنێت.

وێنەی (٨-٣)



٢ـ ڕێگری کردن بەشێوەی کیمیای (Chemical barrier):

ئەم ڕێگایە هەڵدەستێ بە کەم کردنەوەی چالاکی تۆ یان کوشتنی تۆ لە پیاو (Spermicides) لە کاتی جووت بوون، پێش ئەوەی تۆ جوڵە بکات بۆ بەشی سەرەوی ئەندامی زاوزێ، یان دانانی فتیل یان حەپ لەناو زێ پێش جووت بوون، بۆ ئەوەی ملی منداڵدان داپۆشێت بەمەش ئافرەتەکە دووردەبێت لە سکپڕی نەخوازراو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جۆرەکانی پێکدێت لە:

- جەلی (Jelly)
- کرێم (Creams)
- فۆمس (Foams)
- فتیل (Suppositories)
- حەپ (Tablet)

سوودەکانی ئەم جۆرەیان:

- بەکارهێنانیان ئاسانە.
- زوودەست دەکەوێت.
- هەرزانە.
- وە دەتوانرێت بەکارنەهێنرێت لەهەرکاتێک کە حەزی پێ نەکەیت.
- سەلامەتە.

کاریگەری لاوەکی:

- بەڕێژەیەکی کەم ڕێگری دەکات لە گواستنەوەی نەخۆشیە گوازراوەکانی جووت بوون (STDs).
- وە مەترسی حەساسیەتی لە زەکەرو زێ هەیە.
- ڕێژەی کاریگەری زۆر کەمە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەنعی هۆرمۆنی (Hormonal contraception):

کۆنترۆڵکردنی دووگیانی بەرێگای مەنعی هۆرمۆنی کاردەکاتە سەر کپکردنی هۆرمۆنی (LH)و(FSH) کە بەرپرسن لە گەشەکردنی چیکلدان و هێلکەدانان، ئەم کپکردنەش دەبێتە هۆی رێگریکردن لە هێلکە دانان، هەروەها دەبێتە هۆی ئەستووربوونی ئەو لینجەیەی کە لە ملی منداڵدانایە، بەمەش تۆی پیاو بەزەحمەت دەگاتە بە هێلکە، وە کار دەکاتە سەر تەنک بوونی چینی ناوەوەی ناوپۆشی منداڵدان، ئەم تەنک بوونەش وا لە هێلکەی پیتراو دەکات کە زۆر بە کەمی بچەقێت لە منداڵداندا. ئەم جۆری مەنعە رێگری ناکات لە گواستنەوەی نەخۆشیە گوازراوەکانی جووت بوون (STDs) و ئلتیهابات.

جۆرە جیاوازەکانی مەنعی هۆرمۆنی:

١ــ تێکەڵ (Combined): بەشێوەی حەپی زار(Oral pill)، دەرزی(Injection)،(Implant) وەک کەپسولە لە ژێر پێست دادەنرێت.

٢ــ تەنها پرۆ جیسترۆن(Progestogen): بەشێوەی حەپی زار(Oral pill)، دەرزی(Injection)، ئاڵقەی زێ (Vaginal ring)، لەزگە (Patch).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەنع بەشێوەی زار (Oral contraception):

جۆرەکانی:

١ــ (COC)حەپــی تــێکەڵ (Combined pills): پێکــدێت لە نیسترۆجین و پرۆجیسترۆن.

٢- (POP) تەنها پرۆجیسترۆن (Progestrone only pill).

٣- (EHC) مەنعی هۆرمۆنی تەواری (Emergency Hormonal Contraception).

١. حەپی تێکەڵ (Combined pills):

- پێکدێت لە نیسترۆجین و پرۆجیسترۆن.

چۆنیەتی بەکارهاتنی:

- ئەم حەپە پێکهاتووە لە ٢١ دەنک هەموو رۆژێک پێویستە لە هەمان کاتدا ١ دەنکی لێبخورێت، دوای تەواو بوونی حەپەکە ٧ رۆژ حەپەکە بەکارناهێنیت، وە لەدوای ئەم ٧ رۆژە دووبارە دەست دەکەیەوە بە پاکەتی دواتر.

- بۆ ئەو ئافرەتانەی کە شیرخۆیان نادەنە منداڵەکانیان، پێویستە ٣ حەفتە دوای منداڵبوون دەست بکەن بەخواردنی ئەم حەپی مەنعە.

- بۆ ئەو ئافرەتانەی کە شیری خۆیان دەدەنە مناڵەکانیان پێویستە ٦مانگ دوای منداڵبوون دەست بکەنە بەخواردنی ئەم حەپە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- ئەو ئافرەتانەی کە بیریان چوو یان درەنگتر لەکاتی خۆی بەکارهێنا پێویستە بۆ ماوەی ١ حەفتە کۆندۆم بەکاربهێنێت.

. ڕێگری ناکات لە گواستنەوەی نەخۆشیەگوازراوەکانی جووت بوون (STDs).

. ئەگەر بێتوو بەگونجاوی بەکاربێت لە ٩٩٪ کاریگەری دەبێت.

تێبینی: واباشترە ئەو کەسانەی دەیانەوێت حەپی مەنع بەکاربێنن ١مانگ پێش ئەوەی ئەم حەپە بەکار بێنن کۆندۆم بەکاربهێنن، هەروەها جۆرەکانی مەنعی تێکەڵ (Combined) وەك (Pill,Patch,Vaginal ring) هەڵبژاردەیکی باش نیە بۆ ئەو ئافرەتانەی شیری خۆیان دەدەن بە منداڵەکانیان، بە تایبەتی لە ٦مانگی یەکەمی چونکە شیری دایک کەم دەکات.

جۆرەکانی:

١ـ (Monophasic): ئەم جۆری حەپە ڕێژەی ئیسترۆ جین و پرۆجیسترۆنی جیگیرە و گۆڕانکاری لە نێوان دەنکەکانی حەپەکە نیە.

٢ـ (Biphasic)/Triphasic: ئەم جۆرە حەپە ڕێژەی ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن ناجێگیرە واتا لە دەنکێك بۆ دەنکێك گۆڕانکاری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەسەردادێت بۆیە پێویستە بە پێی ئاڕاستەی سەر حەپەکە دەنکەکانی بەکاربێت.

٣- (Every day)/ED: ئەم جۆرە حەپە هەموو ڕۆژێک بەکاردێت، بەڵام حەوت لە دەنکی حەپەکە هیچ مادەیەکی تێدا نیە، تەنها بۆ ئەوەیە ئافرەتەکە بەهۆی دابڕان لە حەپەکان بیری نەچێتەوەو بەردەوام بێت.

٢ـ تەنها پرۆجیسترۆن(Progestrone only pill):ـ تەنها لە پرۆجیسترۆن پێکهاتووە.

چۆنیەتی بەکارهێنانی:

ـ حەپەکە پێکدێت لە ٢٨ دەنک ٢١ دەنک لە حەپەکان مادەی کیمیای تێدایە، بەڵام ٧ دەنکەکەی تر هیچ مادەیەکی تێدا نیە، تەنها بۆ بەردەوام بوونە لەسەر خواردنی حەپەکە پێویستە ١ دەنکی لێبخورێت هەموو ڕۆژێک لە هەمان کاتدا تاوەکو ٢٨ ڕۆژەکە تەواو دەبێت، وە ڕاستەوخۆ دوای تەواوبوونی حەپەکە دەبێت دەست بکرێت بەخواردنی پاکەتی دواتر.

. ئەگەر تەنها ٣ کاتژمێر لایدا لە کاتی خۆی پێویستە کۆندۆم یان بۆماوەی دوو ڕۆژ جووت بوون ڕابگرن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- ئەم جۆرە پێشنیار دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە ئیسترۆجینیان لێ قەدەغەکراوە.

- وە ئەو ئافرەتانەی شیری خۆیان دەدەنە منداڵەکانیان پێویستە ٦ حەفتە دوای منداڵبوون دەست بکەنەوە بەخواردنی ئەم مەنعە.

- بۆ ئەو ئافرەتانەی کە شیری خۆیان نادەنە منداڵەکانیان پێویستە ڕاستەوخۆ دوای منداڵبوون دەست بکەنەوە بە خواردنی ئەم حەپە.

ئەو سوودانەی ئافرەت لە حەپی مەنع وەریدەگرێت وە پەیوەندی بە مەنعەوە نیە:

- ئازاری سوڕی مانگانە ناهێڵێت.

- ماوەی کەوتنە سەر خوێن کەم دەکاتەوە، ڕێژی خوێن بەربوون کەم دەکاتەوە و چارەسەری کەم خوێنی دەکات.

- سوڕی مانگانە ڕێکدەخاتەوە.

- کیسی هێلکەدان ناهێڵێت، وەدەبێتە هۆی کەم بوونەوەی نەخۆشیەکانی هەوکردنی حەوز.

- کەم کردنەوەی ڕێژەی شێرپەنجەی منداڵدان و هێلکەدان، کەم کردنەوەی حەملی خارج ڕەحم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لایەنە خراپەکانی (COC)و(POP):

لایەنی خراپیەکان زیاتر بەهۆی (COC).

- گێژبوون و سەر سوڕان.
- هێڵنجدان.
- ئازاری سینگ.
- مانەوەی شلە لەجەستە.
- خەمۆکی.
- سەرئێشە.
- دەرکەوتنی زیپکە لەسەر ڕوخسار.
- گۆڕانکاری لە کێش.
- بەرزبوونی فشاری خوێن.
- شەکەت بوون.
- بەرزبوونەوەی چەوری خراپ و، کەم بوونەوەی چەوری باش.
- جەڵدەی دڵ زیاد دەکات.
- نەخۆشی زراو زیاد دەکات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو هۆکارانەی نابێت بەکاربێت:

ئەوکەسانەی دووگیـانن، ئەوانەی نەخۆشـی زراویـان هەیە، ئەوانەی چەوریـان بەرز، نەخۆشی شەکرمیان هەیە، ئەوانەی فشاری خوێنیـان بەرزە، ئەو ئافرەتـانەی خوێنبەربوونیـان هەیەو هەتـا ئێسـتاش هۆکـارەکەی دەسنیشـانەکراوە، ئەوانەی نەخۆشـی جگەریـان هەیە، ئەوانەی نەخۆشی دڵیان هەیە، شەقیقە و ئەوانەی خەمۆکیان هەیە.

٣ - مەنعی هۆرمۆنی تەواری

(Emergency Hormonal Contraception):

ـ ئەم جـۆرە مەنـعە بەکاردێـت لەدوای جووتبـوون و پـێش چەقـین بۆماوەی ٧٢ سەعات.

. وە بەکاردێت لەکاتی تێکچونی کۆندۆم وەك کون بوونی یان جووت بـوون لە نێـوان هاوسـەرەکان ڕوویـداوە، بەڵام مەنعیـان بەکارنەهێنـاوە، یـاخود لەبیرچـونی حەپ یـان درەنـگ خـواردنی حەپ، یـاخود لەبیرچوونی دەرزی لەم کاتانە بەکاردێت.

. سەرەتا ئافرەتەکە پێویستە ٢ حەپ بخوات، دوای دوانزە سەعاتی تر ٢حەپی تر بخوات، ئەگەر ئافرەتەکە ڕشایەوە پێویستە ٢ حەپی تر بخوات، چونکە ئەم حەپە وادەکات ئافرەتەکە بڕشێتەوە.

تێبینی:

ئەم جۆرە مەنعە نابێتە یەکێک لە ڕێگاکانی منداڵ لەباربردن، ئەمە تەنها ڕێگا نادات چەقینی هێلکە ڕووبدات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جۆرەکانی مەنعی تەواری (EHC):

١- Levonelle: بەکارهێنانی یەک حەپ دوای ئەوەی جووت بوون ئەنجامدرابوو، بەڵام مەنع بەکار نەهاتبوو بۆ دوای ٧٢ کاتژمێر.

٢- Combined prescription: ئەم جۆرە پێویستە بە پێی نووسراوی پزیشک بێت.

٣- IUD Emergency contraceptio: بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ دوای جووت بوون دەتوانرێت ئەمە جۆرە مەنعە بەکاربێت.

ئەومەنعانەی بۆماوەیەکی درێژ دەمێننەوە
(Long Acting Hormonal Contraception):

١. ئاڵقەی زێ (Vaginal Ring):

- ئاڵقەیەکی نەرمی جیرە.
- پێکدێت لە ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن.
- شوێنی ئەو ئاڵقیە لە ناو زێی ئافرەتە بۆماوەی ٢١ ڕۆژ وە ٧ ڕۆژەکەی تر لادەبردرێت، بۆ ئەوەی خوێنی سوڕی مانگانەی لێدەرچێت، وە لەکاتی تەواوبوونی بێ نوێژی دووبارە بەکاردەهێنرێتەوە.
- وە لایەنی خراپی هاوشێوەی حەپی زارە. کە لە پێشدا باسمان لێیکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢. Transdermal patch:

- وەک پارچە لەزگەیێکی تەنک دەردەکەوێت.
- شوێنی ئەم پاتچە زگە، سمت. بەشی سەرەوەی باسک یان سینگ.
- پێکدێت لە ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن.
- بەکاردێت بۆ ٣ حەفتە، وە حەفتەی کۆتای لێدەکرێتەوە بۆ ئەوەی سوڕی مانگانە لە لەش دەرچێت.

٣. مەنع بەشێوەی دەرزی (Enjectable contraception´s):

جۆرەکانی:

١. Lunelle.

٢. DMPA,Depo-Provera.

١. **Lunelle:** یەکێکە لە دەرزی (Combined contraception) مەنعی تێکەڵ.

- پێکهاتووە لە ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن .
- ئەم جۆرە دەرزیە لە ماسولکە دەدرێت هەمسوو ٢٨ ـ٣٠ ڕۆژ جارێك.
- وە لایەنی خرپیەکەی هاوشێوەی مەنحی زارە.

٢- **Depot medroxy progesteron acetate(DMPA), Depo-Provera :**

یەکـــــێکە لە دەرزی (Progestron contraception) تەنهـــــا پرۆجیسترونە.

- پێکهاتووە لە ئیسترۆجین بەتەنها.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- ٣ مانگ جارێک بەکاردێت.
- لە ماسولکە دەدرێت، سمت یاخود باسک.
- ئەگەر ئافرەتەکە بیەوێت دووگیان بێتەوە دووبارە پێویستە بۆماوەی ٩-١٢ مانگ چاوەڕێ بکات دوای ڕاگرتنی ئەم مەنعە، چونکە ئەم جۆرە مەنعە کاریگەری بۆماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە.
- نابێت لە ٢سالّ زیاتر بەکاربێت.

لایەنی خراپی:

. ناڕێکی لە سوڕی مانگانە.

. نەکەوتنە سەرخوێن.

. سەرئێشە.

. زیادبوونی کێش.

. خەمۆکی.

. ئازاری سینگ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دانانی ئامێری مەنع لە ناو زێ (IUCD):

Intra uterine contraception device

بریتیە لە ئامێرێک کە تایبەت دروستکراوە بۆ ناومنداڵدان، بۆ ئەو ئافرەتانەی کە توانای منداڵبوونیان هەیە بەڵام نایانەوێت منداڵیان بێت، ئەم ئامێرش ڕێگری دەکات لە منداڵبوون. ئامانجیش لەدانانی ئەم ئامێرە بۆ ئەوەی ئافرەتەکە دووربێت لە سکپری نەخوازراو یان دواخستنی ماوەی دووبارەبوونەوەی سکپری لە ئافرەتەکە.

بۆزیاتر ئاشنابوون بە ئامێری (IUCD) سەیری وێنەی (٤٨) بکە.

تایبەتمەندی ئامێری (IUD):

. ئەم ئامێرە لە شێوەدا هاوشێوەی پیتی تی (T) ئینگلیزیە.

. دەخرێتە ناو منداڵدان باڵەکانی جێگیر دەکرێت لە نزیک دەرچەی جۆگەی فالوپ، وە لە خوارەوی ئامێرەکە داوێک هەیە ئەم داوە لەکاتی دانانی ئامێرەکە پێویستە لە ناو زێی ئافرەتەکە دیاربێت.

. ئەم مەنعە کاریگەری ٩٩٪ هەیە ئەگەر بێت و بەجوانی و ڕێکی دابنرێت.

ـ ئافرەتەکە هەرکاتێ ویستی واز لەم مەنعە بێنێت دەتوانێت وازی لێبێنێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- ئەم ئامێرە لەتوانایدایە لە ناو منداڵداندا بمێنێتەوە بۆ ماوەی ٥ ـ ١٠ ساڵ.

- واباشترە کە ئەم ئامێرە لە ناو منداڵداندا دابنرێت لە ماوەی بێ نوێژیدا، چونکە ئەوکاتە دڵنیا دەبیت کە ئافرەتەکە دووگیان نیە.

- پێویستە ئەوکەسانەی ئەوئامێرە دادەنێن قوڵایی منداڵدانیان لە نێوان ٦ سانتیم بۆ ٩ سانتیم بێت.

جۆرەکانی:

١. مس (Copper T) کە ئەجۆرەیان دەتوانێت بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەناومنداڵداندا بمێنێتەوە.

٢ـ (Mirena) ئەم جۆرەیان لە توانایدایە بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە ناو منداڵداندا بمێنێتەوە.

<u>تێبینی</u>: پێویستە دکتۆر ڕاوێژ لەگەڵ نەخۆشدا بکات سەبارەت بە سودەکان و مەترسییەکانی ئەم ئامێرە، وە بۆ کەمکردنەوەی ئازار لەکاتی دانانی ئەم ئامێرە پێویستە دکتۆر یەك کاتژمێر پێش دانانی یەکێك لە دەرمانکانی ((NSAID) nonsteroidal anti-infalmmatory drug) بە نەخۆشکە بدات، وەکو (Iboprofen)، پێویستە ئافرەت دوای هەر بێ نوێژێک دڵنیابێت لەوەی کە ئامێرەکە لە شوێنی خۆیەتی، ئەویش بە دەست لێدان لەو داوەی کە لەکۆتای ئامێرەکە شۆڕبۆتەوە بۆ ناو زێی ئافرەتەکە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوکەسانەی نابێت بەکاری بێنن (contraindication):

. ئافرەتێك کە دووگیانە.

ـ ئەم ئامێرە بۆ ئەو ئافرەتانە دانانرێت کە نەخۆشیە گوازراوەکانی جووت بوونیان هەیە (STD).

ـ ئەو کەسانەی قوڵای منداڵدانیان لە ٦سانتیم کورتربوو نابێت بەکاری بێنن.

. ئەوکەسانەی تووشی خوێن بەربوونێکی زۆر بوون و هۆکارەکەشی دیارینەکراوە.

. ناتاسای منداڵدان.

ـ ئەوانەی شێرپەنجەی منداڵان و ملی منداڵدانیان هەیە هەروەها ئەوانەی گرێیان لە حەوز هەیە.

. ئەوانەی کەم خوێنن.

ـ ئەو ئافرەتانەی کە لە پێشدا توشی (Ectopic pregnancy) بوون واتا چەقینی هێلکەی پیتراو لە دەرەوەی منداڵدان.

. نەخۆشی ئیلتیهاباتی حەوزیان هەیە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لایەنی خراپی (IUD):

. ڕێژەی خوێنی بێ نوێژی زیاد دەکات (Menorrhagia).

. مەترسی زۆربوونی نەخۆشیەکانی حەوز هەیە (PID).

. ئازاری بێ نوێژی زیاد دەکات (Dysmenorrhea).

. توشی کەم خوێنیت دەکات (Anemia).

. مەترسی گواستنەوەی خانەکانی ناوپۆشی منداڵدان بۆ شوێنکانی حەوز زیاد دەکات (Endometriosis).

. هەندێجار دەبێتە هۆی کورن بوونی منداڵدان.

. هەنێجار ئەو ئامێرە لە شوێنی خۆیدا نامێنێت.

. توشبوون بە ئازاری درێژخایەنی حەوز.

نیشانەکانی ئاگادارکردنەوە (Warning signs):

دوای بینینی هەریەک لە نیشانەکانی ئاگاداریکردنەوە (PAINS) پێویستە نەخۆشەکە ڕاستەوخۆ سەردانی لای پزیشک بکات، چونکە لەوانەیە بەهۆی (IUCD) بێت.

- (Period): **P** دواکەوتنی بێ نوێژی، خوێن بەربوونی کەم، خوێن بەربوونی زۆر، نەمانی بێ نوێژی.

- (Abnormal): **A** ئازارێکی نائاسای و ئازار لەکاتی جووت بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- (Infection): **I** هەوکردن، هەردەردراوێك لەزێ.

- (Not): **N** هەست نەکردن بە باشی، تا، ئازاری حەوز.

- (String): **S** هەستکردنێکی نامۆ بە ئامێرەکە لە زێ.

وێنەی (٤٨)



WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢. مەنعی هەمیشەی:

قەپاتکردن (خەساندن) Sterilization

ئەم جۆرە مەنعە بە شێوەی نەشتەرگەری ئەنجامدەدرێت، وە هەمیشییە ئەگەر ئافرەت یان پیاو ئەم جۆرە مەنعە بەکاربێنێت ئاوا ئافرەت هەرگیز دووگیان نابێت، کاریگەرێکی بەرزی هەیە. بە گشتی ئەم جۆرە مەنعە هەڵبژاردەی ئەو هاوسەرانەیە کە تەمنیان گەورەیە، وە دڵنیان کە خێزانیان تەواوە و چیتر پێویستیان بە منداڵ نیە، وە هەروەها هەڵبژاردەیێکی باشیشە بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشن و کێشەیان هەیە لە جینیان، کە وادەکات منداڵەکانیان ناتەواوبن.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەوجۆرەمەنعە سەیری وێنەی (٥٨) بکە.

جۆرەکانی ئەم مەنعە:

١. قەپاتکردنی هەردووجۆگەی فالووپ لە ئافرەتدا (Tubal ligations)

٢. قەپاتکردنی هەردووبۆڕی تۆمەڕۆلە پیاواندا (Vasectomy)

قەپاتکردنی هەردووجۆگەی فالووپ لە ئافرەتدا (Tubal ligations):

ئەم مەنعە بە شێوەی نەشتەرگەری ئەنجامدەدرێت، دکتۆری پسپۆڕ هەڵدەستێت بە قەپاتکردنی هەردوو جۆگەی فالووپ، کە ڕێگا لە سپێرم دگرێت ناهێڵێ لە گەڵ هێلکە بپیترێت بەمەش سکپری روونادات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

<u>تێبینــــی:</u> ئەم جــۆرە نەشـــتەرگەری مەنـــعە بە نـــازۆری ســـك ئەنجامــدەدرێت، لە ژێـر بەنجـی گشـتی بەڵام لە پیاوانـدا بەشـێوەی بەنجی تایبەت ئەنجامدەدرێت، وە ئەم نەشتەرگەریە لە پیاو ئاسانتر بە بەراورد لەگەڵ ئافرەت.

لایەنی خراپی:

- ئافرەتەکە هەست بەپەشیمانی دەکات.
- ئەگەر ئـافرەتەکە بیەوێـت دووبـارە دووگیـان ببێـتەوە زۆر زەحـمەتە چونکە ئەم مەنعە هەمیشەییە.
- ئافرەتەکە ئەگەر بیەوێت دووگیان ببێت تەنها لە ڕێگـای منـداڵی بلوری دەتوانێت دووبارە دووگیان ببێتەوە.
- زۆر گرانترە لە چاو ئەونەشـتەرگەریەیی کە بۆ پیاو ئەنجامـدەدرێت واتا لە (Vasectomy).

ئاڵۆزیەکانی (Complication):

- ئەو ئـامێرەی کە ڕەوانەدەکرێت لە کـاتی نەشـتەرگەریەکە لەوانـیە زیان بە ئەندامەکانی ناوەوە بگەیێنێت.
- بە تێـپەربوونی کات ئافرەتەکە تووشی حەملی خارج رحم دەبێت.
- کاریگەری خراپ لەسەر ئافرەتەکە درووست دەبێت بەهۆی بەنج.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قەپاتکردنی هەردووبۆری تۆمەرۆلە پیاواندا (Vasectomy):

ئەم مەنعەش بەشێوەی نەشتەرگەری ئەنجامدەدرێت. دکتۆری پسپۆر هەڵدەستێت بە قەپاتکردنی هەردوو بۆری تۆمەرۆ لە پیاواندا، ئەم قەپاتکردنەش ڕێگا لە سپێرم دەگرێت برژێتە دەرەوی لەشی لەکاتی هەر جووت بوونێك. بەڵام ئەم نەشتەرگەریە لە ژێر بەنجی تایبەت واتا (Local aesthesia) دەکرێت.

لایەنی خراپی:

. گرانە، زۆر زەحمەتە هاوسەرەکان دووبارە منداڵ درووست بکەنەوە، ئەگەر بێت و نەشتەرگەری بۆ چاکبوونەوەی ئەنجام بدرێت، زۆربەی کاتەکان سەرکەوتوونابێت.

ـ ئەم نەشتەرگەریە ڕاستەوخۆ کاریگەری نابێت بەلایەنی کەم ئەم مەنعی نەشتەرگەریە پێویستی بە ١٢ حەفتەیە، بۆ ئەوەی ئەو سپێرمانە لە ئەندامی زاوزێی خاڵیبن.

ـ ئەم مەنعە هیچ ڕێگری ناکات لە گواستنەوەی نەخۆشیە گوازراوەکانی جووت بوون (STD).

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاڵۆزیەکانی (Complication):

. ڕاستەوخۆ خوێن بەربوون.

هەوکردن.

مەینی خوێن لەوانەیە ڕوبدات.

وێنەی (٨ ـ ٥)



WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لیستی کورتکراوەکان (List of abbreviation)

(LH)	Luteinizing hormone
(FSH)	Follicle stimulating hormone
(COC)	Combined oral contraception
(POP)	Progestrone only pill
(EHC)	Emergency hormonal contraception
(WHO)	World health organization
(IUD)	Intra uterine device
(PID)	Pelvic inflammatory disease
(IUCD)	Intra uterine contraception device
(NSAID)	Nonsteroidal anti- inflammatory drug
(GnRH)	Gonadotropin releasing hormone
(CNS)	Central nerves system
(CS)	Cesarean section
(UTI)	Urinary tract infection
(PROM)	Premature rupture of membranes
(CBC)	Complete blood count
(HBS)	Hepatitis B surface

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

(RBS) Random blood sugar

(BP) Blood pressure

(PT) Pregnancy test

(HBV) Hepatitis B virus

(HCG) Human chronic gonadotropin

(HB) Haemoglobin

(DMPA) Depot medroxy progesterone acetate

(STD) Sexually transmitted disease

(EDD) Last menstrual period

(LMP) Expected data of delivery

(RBC) Red blood count

(IV) Intravenous

(CRL) Crown-rump length

(FL) Femur length

(AC) Abdominal circumference

(BPD) Biparietal diameter

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرچاوەکان

١/ مهاباد دلاور فايق، ماستەر لە بواری ئافرەتان و منالبوون.

٢/ دكتور كاوە عمر علی، پسپۆڕ لە نەخۆشییەكانی منداڵ و تازە لە دایكبووان، عیراق- المانیا.

٣/ نارین سلێمان حسن، بەكالۆریۆس لە پزیشكی ددان.

٤/ بەلقیس ئیسماعیل رەسول، بەكالۆریۆس لە پەرستاری، هەولێر

٥/ Pillitteri A, (٢٠٠٧).maternal &child nursing, care of the child bearing & childearing family, ٥th ed, Lippincott Williams & Wilkins.

٦/ How my body works.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەرتووکی(ڕێنمای دووگیانی) پەرتووکێکی ئاسای نیە. پەرتووکێکە، باس لە هەندێک زانستە شاراوەکان و دیارەکانی ناوەوە و دەرەوەی جەستەی ئافرەت دەکات لە ماوەی دووگیانی، ڕوونی دەکاتەوە کەچۆن دووگیانی دروست دەبێت، دەستنیشان دەکرێت، چاودێری دەکرێت، وە چی بخوات و چۆن و کەی لەدایک دەبێت.

یارمەتی ئەو پەرستارانە دەدات کە تازە وەرگیراون لە بەشی پەرستاری ئافرەتان، (Midwife) بۆ ئاشنابوونیان بە هەندێك لە پیشەکەیان، وە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دووگیانن ڕێنموویان دەکات، چ جۆرە شتێك سوودیان پێدەگەیێنێت وە چ جۆرە شتێك زیانیان پێدەگەیێنێت و پێویستە لێی دوور بکەونەوە، هەروها یارمەتی هاوسەران دەدات بۆ ئاشنا کردنیان بە جۆرەکانی مەنع.

لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی مێتخەك - زنجیرە / ٦٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM